دەورەی تازە
WP
ئۆکتۆبەر
بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانە
143 | 25 ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری 2026



موحسین کەریم

یادی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ و پەیامەکانی!

بۆ لاپەڕە٢

خولانەوە لە بازنەی یەکیتی و پارتیدا بێهودەیە!



ڕێبوار ئەحمەد

بۆ لاپەڕە ٣

کوردستان لە لێواری بنبەستی ناسیۆنالیستدا!




عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٦

گفتوگۆ لەگەڵ هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان سەبارەت بە: ناڕەزایەتیەکانی دژی مەدەوەنەی جەعفەری

نادیە محمود، بەهار مونزیر و نەغمەدە عوسمان .....لاپەرە ٨-١٢

هەواری یاسای باری کەسێتی لە عێراق: کاتێک کەرامەتی ژن و منداڵ دەخرێتە مەزادەوە!



توانا محمد نوری

بۆ لاپەڕە ١٢

هەڵبژاردە تەنها لە نێوان خراپ و خراپتردا نییە!

بنار مستەفا

بۆ لاپەڕە ١٣

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەبۆنەی حەوتەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩.... لاپەڕە ١٦.....

چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد جەواد کازم ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کارگەران لە عێراق (الاتحاد العام لنقابات العاملين في العراق)

دەربارەی ناڕەزاییەکانی بەغدا دژی خراپی بارودۆخی ژیان!

بۆ لاپەڕە ١٨

ئاسۆیەک لە ناڕەزایەتیەکانی فەرەنسادا

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ١٤

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

⇦ یادی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ و پەیامەکانی!

ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق یادی حەوتسااڵ تێپەڕبوون بەسەر ڕاپەڕینی تشرین- ئۆکتۆبەری ٢٠١٩یان کردەوە، کە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکان و هێزە میلیشیاکانی دەسەاڵتداری عێراقەوە بەدڕندانەترین شێوە سەرکوتکرا. بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیەکان و داواکردنی دادگایی بکوژی خۆپیشاندەران و بۆ هەمان خواستەکانی خۆپیشاندەرانی تشرین، هەزاران کەس لە گۆڕەپانی تەحریری بەغداو گۆڕەپانی شارەکانی دیکە وەکو؛ بەسرە، دیوانیە، کەربەال و ناسریەو... سەرباری ڕێگریەکانی دەزگا ئەمنی و سەرکوتگەرەکانی حکومەتی زەیدی بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان و ڕێگانەدان بەهیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن بۆ ڕوماڵکردنی خۆپیشاندانەکان، خۆپیشاندانیان ئەنجام دا!

حکومەتی زەیدی کە درێژکراوەی هەمان ئەو دەسەاڵتە بەشبەشێنە تائیفی و مەزهەبیە بۆرژوواییانەیە کە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی گیرۆدەی هەژاری و بێمافی کردوە، بۆ پێشگرتن بە دەنگی نارەزایەتی خەڵك، وەکو پێشینانی خۆی، پەنای بۆ هێزی سەرکوت برد تا بەربگرێ بە خۆپیشاندەران بۆ یادکردنەوەی یەکێك لە ڕوداوە گرنگە سیاسیەکانی کۆمەڵگای عێراق دوای ٢٠٠٣، کە تێیدا جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و لاوانی بێکار و خەڵکی کەمدەرامەت ڕژانە سەر شەقامەکانی پایتەخت بۆ داواکردنی خزمەتگوزاری، کار و دامەزراندن، نەمانی دەسەاڵتی میلیشیا، کۆتایی سیستەمی بەشبەشێنەی تائیفی و مەزهەبی و دەستێوەردانی ئێران لە ووردودرشتی کاروباری سیاسی ناوخۆی عێراقدا و تاد.

لەسایەی دەسەاڵتی بەشبەشێنەی تائیفی و مەزهەبی و دابەشکاریی نەتەوەییدا زۆرینەی خەڵکی عێراق لەهەژاریدا ژیان بەسەر دەبەن. بەپێی ڕاگەیەنراوی خودی حکومەت لە ساڵی ٢٠٢٤دا ڕێژەی هەژاری لەشارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراقدا لەنێوان ١٤٪ تا ٤٣ ٪ دایە. سەدان هەزار کەس بێکارن و هیچ سەرچاوەیەکی ژیان و بژێویان نیە. بەرنامەی حکومەتەکەی زەیدیش باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و کەمدەرامەتی عێراق نیە، بۆیە ئەویش بەزەبری هێزی چەك وەاڵمی نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکی دایەوە!

پەیامێکی گرنگی خۆپیشاندانی ئەمڕۆ، لەپاڵ دووپاتکردنەوەی هەمان داواکاریەکانی ڕاپەڕینی تشرین، ڕاگەیاندنی نارەزایەتی بوو بەرامبەر بەو سیستەمە چینایەتیەی زۆربەی خەڵکی عێراقی لە ژیانێکی شکۆمەند و تێروتەسەل بێبەش کردوە و کۆمەڵێکی کەمیش لە پیاوانی سەرکردەی میلیشیاکان و بەرپرسانی گروپە چەکدارەکان و خاوەن کۆمپانیاکانی نزیك لەوانی کردوە بەخاوەنی هەموو شتێك! ئەوەی ڕاگەیاند کە ئیتر جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش ئامادەنین پڕوپاگەندەکانی پێشووتر لە سەرکردە سیاسیەکانی بۆرژوازی قبوڵ بکەن و خەریکن وەهمەکانیان بەمێژوو دەسپێرن. بەشوێن ژیان و گوزەران و بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوەن و بۆی تێدەکۆشن. هەروەکو ئەو پەیامەی دیکەشی نارد کە سیستەمی بەشبەشێنەی تائیفی و مەزهەبی و دابەشکاری نەتەوەیی تەنها لای دەسەاڵتدارانی چەتەو تاڵانچی ماوەتەوەو خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق تێیانپەڕاندوەو بەرگری لە پێناسەی هاوڵاتیبوونی خۆیان دەکەن.

بەاڵم سەرباری ئەم ڕادەیە لە هوشیاربوونەوەو ناسینی بەرژەوەندیەکان، هێشتا خاڵێکی گرنگ لەم بزووتنەوەیەی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتدا لێڵ و ناڕۆشنە، ئەویش لاوازی و نەبوونی ڕێکخراو و ڕابەرایەتیەکی شۆڕشگێڕە کە ئەم بزوتنەوەیە بەرەو سەرکەوتن و بەدەستهێنانی خواستەکان و ئامانجەکانی ڕابەری و ڕێنمایی بکات. بۆیە یەکێك لە ئەرکە هەرە گرنگە سیاسیەکانی ڕابەران و هەڵسوراوانی ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیە ئەوەیە کە لە هەوڵی دروستکردن و بەهێزکردنی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کرێکاران و کارمەندان و بێکاران و خانەنشینان و خەڵك لەهەموو شوێنێك، کارگە و فەرمانگەو گەڕەکدا بن.

پەیوەندیەکی خەباتکارانە لەنێوانیاندا دابمەزرێنن و لەسەر پلاتفۆرمێکی سیاسی و ئابوری ڕێك بکەون کە خواست و پرسە سەرەکیەکانی جەماوەری کرێکار و بێکاران و خەڵکی کەمدەرامەت لەخۆ بگرێت و و ئامادەبن بۆ ڕابەرایەتی ئەو بزوتنەوەیە کە لە ساڵی ٢٠١٩دا چەخماخەی دەستپێکردنی لێداو ئەمڕۆش پەیامی بەردەوامبوونی ڕاگەیانرایەوە.

★

خولانەوە لە بازنەی یەکیتی و پارتیدا بێهودەیە!

ڕێبوار ئەحمەد

ئومێد بە ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی و پاشان دامەزرانەوەی حکومەتێکی یەکگرتوی هاوبەش کە دوبارە وەکو ساڵانی دوای ڕێکەوتنامەی ستراتیژی پێکەوە دەسەڵات و ئەرز و ئاسمانی و ژێر زەمینی کوردستان دابەش بکەن و پێکەوە بیخۆن، ئەویش لەسەر حیسابی بێدەرەتانی و نەهامەتی بێسنور بۆ خەڵک، خەونێکی خۆشە بۆ هەموو ئەوانەی بەرژەوەندیان لەوەدایە. جگە لە سەرانی ئەو دوو حزبە، حزبە بورژوازیە قەومی و ئیسلامیەکانیش، بەهەر پرتەوبۆڵەیەکەوە کە لە دەسەڵات یان بەو وەهمەی بۆ چاکسازی هەیانە، تینوی ئەو خەونەن. چونکە ئەوانیش لە پەراوێزی ئەم دەسەڵاتەدا بەشی خۆیان خواردوە. هەندێکیان بەڕاستی بەپێی بەرژەوەندی حزبی و حاسڵکردنیئەو بەشەی خۆیان سیاسەت دەکەن. جگە لە ئاسۆی سیاسی هاوبەشیان، لە هەڵوێست لە دەسەڵات وڕوداوەکان هەزار حیساب و کیتابیان بۆ بودجە و نەسریەکەیان کردوە. بۆیەئەوانیش بەرپرسیارێتی بەشێك لە تاوانی ئەو زوڵم و ستەمە هەڵدەگرن کە دەسەڵاتی کوردایەتی لەم ٣٥ ساڵەدا لە خەڵکی کردوە.

تەنانەت بەشێك لەو سیاسەتمەدار و بەرپرسانەش کە لە گۆڕانکاریەکانی ئەم چەند ساڵەداپەراوێز خراون، وا نیشان دەدەن کەجگە لە پێکهاتنەوەی ئەم دوو حزبە هیچ ئومێدێکی تر نیە، بێگومان بەو مەرجەی ئەوانیش ڕۆڵ و پێگەیەکیان پێبدرێت. بۆ نمونە مەلا بەختیارلە چەند دیمانەداهەزار ئاخ و داخ بۆ ئەوە هەڵدەکێشێت کە ڕێکەوتنەوەی یەکێتی و پارتی ئەستەم بووە. بەڵام بەو هەموو دانایەی وەکو خۆی باسی دەکات کە لە سیاسەتدا هەیەتی، ناتوانێ پەی بە بنەمای ناکۆکی ئێستای ئەم دوو حزبە بەرێت.ئەو هۆکارەکەدەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی گوایە لە بانگیشەی هەڵبژاردندا بەشی ئاشتیان نەهێشتوەتەوە. بەڵامێگەیشتن لەوە زۆر سەخت نیە کە یەکێتی و پارتی دوای ساڵەها شەڕی جەلالی و مەلایی، دوای ساڵەها یەکتر قڕکردن لە هەکاریەوە تا شەڕی جود و جەوقەد، دوای ئەو کوشتارەیلە شەڕی ناوخۆی نەوەتەکاندا لە یەکتریان کرد، کەچی پاشڕوخانی بەعس و لە سایەی ئەو ئاسۆیەدا کەبە پاشکۆیەتیان بۆ سیاسەتی جەنگخوازانەی ئەمریکا حاساڵیان کرد، هەموو ئەوانەیان لە بیرکرد و بەسەر خوێن و لاشەی هەزاران ڕۆڵەی خەڵکی زەحمەتکێشدا بازیاندا وڕێکەوتننامەی ستراتیژیان ئیمزاکرد. گوایە هەموو ئەوانە بە ئاسانی لە بیرکران، بەڵام ئێستا پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنبوەتە بەستەڵەکێك وناتوێتەوە؟ڕەنگە ئەو ئەفسانەی مام جەلال بە کلیلی سحری کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی پاش هەموو ئەو شەڕانەبزانێت،بەڵام خەڵکی کوردستان دەزانن کە مام جەلال خۆی ئەندازیار و سەرێکی ئەو هەموو شەڕانە بوو.حیکمەتەکەشی دوای ٢٠٠٣بەند بوو بەو ئاسۆیەوە کە ئەمریکا بۆی فەراهەم کردن تا سامان و دەسەڵات دابەشکەن و بیخۆن.

ئەو بنبەستە سیاسیەی ئێستا دەسەڵاتی بنەماڵەکانی گیرۆدە کردوە، سەرچاوە دەباتە سەر ئەو بێئاسۆ سیاسیەیباڵی بەسەر گشت بزوتنەوەی کوردایەتی لە هەر چوارپارچەکەی کوردستاندا کێشاوە. هەموو سیاسەتی ئەم بزوتنەوەیە بە تاکتیك و ستراتیژەوە بریتی بووە لەوەی لە ناکۆکی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە و قڵشتی هاوکێشە ناوچەیی و جیهانیەکاندا جێ پێیەك بۆ خۆیان پەیدا بکەن. بە خۆگرێدان لەگەڵ دەوڵەتێك و فشار بۆ دەوڵەتی ئۆپۆزیسیۆنی خۆیان لە بازنەی شەڕ-مفاوەزاتدا، لە پەراوێزی دەوڵەتی مەرکەزیدا بەشێك بۆ بورژوازی کورد لە دەسەڵات و سامان بپچڕن. ئێستا ئاراستەی گۆڕانکاریەکان ئەو قڵشتانە و پەناگاکانی هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەرەو نەمان دەبات.

لە کوردستانی تورکیا ئەوەی ناوی نراوە پرۆسەی ئاشتی هیچ نیە جگە لە بنبەستی شەڕی چەکداری پەکەکە. زۆر دەمێکە خەباتی چەکداری پەکەکە نەك هیچ ئومێدیکی تیا نەماوە کە فشارێك بێت بۆ بەدەستهینانی پێگەیەك لە پەراوێزی دەسەڵاتی تورکیادا، بەڵکو لەجیاتی ئەوەی پەکەکە فشار بێت لەسەر دەوڵەتی تورکیا، دەوڵەت پەکەکەی تەنگاو کردوە. پەیامەکەی ئۆجەلان داننانە بەم بنبەستەدا. لە سوریا ئەو دەسەڵاتە لۆکاڵیەی چەندین ساڵ ئیدارەی ناوچە کوردنشینەکانی کرد، بە دەر لە خەسڵەتی ناسیۆنالیستی، بە قەرارگرتنی لە باوەشی ئەمریکا هەر لە پێشەوە چارەنوسی خۆی یەکلاکردبوەوە. ئەمریکا هیچ کات دانی بە هیچ چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کورددا نەناوە. تەمپ بەراشکاوی ڕایگەیاند "کوردەکان شەڕکەری باشن و دەیەوێ بەکاریان بهێنێت". بەم پێیە بەکاری هێنان بۆ

⇦

دەستەمۆکردنی داعش، پاشانیش ناچاریکردن بڕۆنە ژێر کۆنترۆڵی ئەو دەوڵەتەوە کە خودی ئەمریکا بۆ داعشی دروست کرد.

لە ئێران ناسیۆنالیستە کوردەکان لەچوارچێوەی هەمان ئاسۆ ونەرێتدا، کۆتا ئومێدیان ئەوەبوو ببن بە پاشکۆ و هێزی پیادەی ئیسرائیلی فاشیست، لەپێناو گەیشتن بە نان و نەوایەکی لە بابەتی حکومەتی هەرێم. ئەو ئومێدەش نەک هەر شکستی خوارد و بەسەریاندا ڕوخا، بەڵکو دەرفەتی بەندوبەست لەگەڵ جمهوری ئیسلامیشی لێیان تەنگ کردەوە. ئەمە بنەمای ئەو تێزەیە کە وەکو بەسەرچونی ڕۆڵی میژویی خەباتی چەکداری باسی دەکەن.

گرفتی سەرەکی یەکێتی و پارتی و ناکۆکیەکانیان هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوان هیچ ئاسۆیەکی سیاسی بۆ حکومەتەکەیان نابینن تا پێکەوە بەشی بکەن و بیخۆن. بۆیە هەرلایەکیان چنگەکرێی ئەوەیەتی ئەگەر لەسەر حیسابی قەوارەکەشیان بێت، بە خۆجوتکردن لەگەڵ ڕەوندە تازەکان پێگەیەك بۆ خۆی مسۆگەر بکات. بێگومان ئەمەشیان ناو ناوە "بەرژەوەندی و ئایندەی کورد". وەکو کلتورێکی بۆماوەیی هیچ باکیان لەوەش نیە دەستی کۆنەپەرستترین هێز ماچ بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەو بەرژەوەندیە تەنانەت ئەگەر کاتییش بێت. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایندەی قەوارەکەیان چیە و خۆیان چ پلانێکیان بۆی هەیە؟

ئەمریکا لە کوردستان کشایەوە و وەکو خۆیان دەڵێن ئەمە کێشەی ئاسایش و سەربازی و ماڵیشیان بۆ دروست دەکات، چونکە ئەو پارەیەشی بڕی کە وەکو نوقڵانەی "یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە" وەریان دەگرت. دیارە ئەمریکا سەرباری کشانەوە هێشتا دەیەوێ پارتی و یەکێتی بەکاربهێنێت و بێگومان ئەوانیش ملیان لە مو باریکترە بۆ خزمەتی ئەمریکا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئێستا دەوڵەتی مەرکەزی پێگەیەکی بەهێزتر و خوازراوتری هەیە لە پلانی ئەمریکا بۆ عێراق و ناوچەکە. ئیتر حزبەکانی کوردایەتی ئەو بایەخ و جێگایەی جارانیان بۆی نەماوە. ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و سیاسەتی ئەمریکا، بەتایبەتیش ئەگەر کێشمەکێشی ئەمریکا و ئێران بنیشێتەوە، هەروەها چونەپێشی ڕەوتی سەقامگیربونەی دەوڵەتی ناوەندی، هەمووئەمانە تا بێت ئاسۆی ئەوان تەنگتر دەکاتەوە، ئەمە سەرچاوەی ترسە گەورەکەی مەسعود بارزانیە.

ئەوەی دڵی پێ خۆش دەکەن یان خەڵکی پێ فریودەدەن، دەستوری عێراقە کە دانی بە فیدراڵیزمدا ناوە. بەڵام یەکەم، فیدراڵیزم خۆی زۆر دەمێکە شکستی خواردوە. دەمێکە دەوڵەتی مەرکەزی هەر دەرفەتێکی دەستکەوتبێت بۆ پەڕوباڵکردنی هەرێمی فیدراڵ لە دەستی نەداوە و دەستور و فیدراڵیزمیش هیچ ڕێگایان لەمە نەگرتوە. کاتێك دەوڵەتی ناوەندی لاواز و لە تەنگانەدا بوو، باسی ئابوری سەربەخۆی هەرێم هاتەکایەوە، بەڵام لەو کاتەوە ئەو پڕۆژەیە شکستی خواردوە، بەتایبەت لەدوای شەڕی داعشەوە، تا هاتوە فشارەکانی دەوڵەتی ناوەندی لەسەر هەرێم زیادی کردوە و هەر بە ناوی فیدراڵیزمەوە هەرجارەی مەقەستی داوە لە بەشێك لە دەسەڵات و ئیمتیازەکانی هەرێم. فیدراڵیزم کڵێشەیەکی لاستیکیە کە بەپێی هاوسەنگی هێز هەم دەکرێت بە ئابوری سەربەخۆ تا ڕادەی فرۆشتنی نەوت، هەم دەکرێت بە دەستەمۆکردنی حکومەتی هەرێم تەفسیر بکرێت.

دەستور سەرباری ئەوەی تا سەرمۆخ کۆنەپەرستانە و قەومی و ئیسلامیە، هیچ زەمانەتێك نادات بۆ ئیمتیازاتەکانی هەرێم. ئەو دەستورە لەهێزهاوسەنگیەکی دیاریکراودا نوسراوە و پەسەند کراوە، نەك لەسەر بنەمای باوەڕی هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستە عێراقیەکان بە هیچ مافێکی خەڵکی کوردستان. هێز هاوسەنگیەك کە لە عێراقدا شتێك بە مانای دەوڵەت بونی نەبوو، تەنها تەرتیباتێکی سیاسی وشکەکەڵەك بوو بۆ ئیدارەی کاتیی ولاّت، لەکاتێکدا هێزە ناسیۆنالیستە کوردەکان چەند ساڵ بوو لە کوردستاندا دەسەڵاتدار و خاوەن هێزی چەکداری ڕێکخراو و توانای ئابوری گەورە و لە هەمانکاتدا دەسکەلایەکی گرنگی ئەمریکا بوون بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی لە عێراق. ئێستا ئەو هێزهاوسەنگیە زۆر گۆڕاوە، زۆر بە باری لاوازبونی پێگەی هێزە کوردیەکان و بەهێزبونی توانا و پێگەی دەوڵەتی مەرکەزی گۆڕاوە و ئاراستەکەش ڕوی لەوەیە کە هەر بەو بارەدا بڕوات. وەکو نمونە مادەی ١٤٠ی دەستور کە هێزەکانی کوردایەتی زۆر دڵیان پێ خۆش بوو، ئێستا زۆرێك لە هێزە عێراقیەکان گاڵتەشیان پێی نایات. لەوەش گرنگتر گۆڕینی دەستور زۆر ئاسانترە لە پەسەندکردنەکەی. هەرکات پێویست بکات شەقێکی تێ هەڵدەدەن و بەوجۆرەی لێ دەکەن کە هێزهاوسەنگی تازەدەیخوازێت. هیچ هێزێکی پارێزەری دەستوریش لە ئاسمانەوە نایات فریای بارزانی و تاڵەبانی بکەوێت. ئەگەر هێشتاش هیوایان بەوە بێت کە ئەمریکا ڕێگا لەمە بگرێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە شەقی ئەم خۆشباوەڕیەش دەخۆن. ئەمانە مانای ئەوەن کە دەڵێین ناسیۆنالیزمی کورد لە ناو گێژاوی بێ ئاسۆییدا پەلوپۆ دەکوتێت.

بۆیە سەرانی یەکێتی و پارتی و سیاسەتمەدارە پەراوێزخراوەکانیش خۆیان بە ئەستەمی دەزانن تازە ئەم دوو حزبە پێکبێن و بە قەولی خۆیان "ماڵی کورد یەك بخەن"، لە ڕاستیدا ئەوان هیچ کات بەبێ پاشکۆیەتی بۆ

دەوڵەتێکی کۆنەپەرست هیچ نەبون، ئێستا کێشەکەیان ئەوەیە هیچ دەوڵەتیکیان دەست ناکەوێت ببنە پاشکۆی. بەڵام پرسیاری گرنگتر ئەوەیە ئەگەر ڕێکبکەون چی ڕوودەدات؟ ئەمە ئەگەرێکە کە خەڵکی کوردستان دەبێ بۆ تێپەڕین لە نەهامەتیەکانی ئێستابە چاوێکی کراوەوە لێی بڕوانن. خودی ئەوانەی ئومێدیان لەسەر ئەم ئەگەرە هەڵچنیوە و تامەزرۆین، تەنانەت یەك وشەیان لەسەر ئەوە نیە ئەمە چی دەسکەوتێکی بۆ خەڵك هەیە. بۆ نمونە مەلا بەختیار هەموو ئاواتی گەڕانەوەی ئەو دۆخەیە کە خۆی و مام جەلال لە لوتکەی دەسەلآت بون، لە کاتێکدا گەورەترین بەدبەختیان بەسەر خەڵکدا سەپاندبوو. ئەگەر بۆ ئەوان ئەو قۆناغە دەورانێکی زێڕین بێت، دروست بۆ جەماوەری ملیۆنی خەڵك پڕ بوو لە نەهامەتی و بێدەرەتانی و سەرکوت و تیرۆری ڕۆژنامەنوس و هەڵسوڕاوی سیاسی و کۆنەپەرستی و ئۆقیانوسێك لە تاوان بەرامبەر بە ژنان و...ڕاپەرینی ١٧ی شوبات ڕێك لە دژی ئەو مەملەکەتی بێدەرەتانیە بەرپا بوو کە مەلابەختیار ئاوات بۆگەڕانەوەی دەخوازێت. لەوکاتەدا ئەگەر لولەی چەکی پێشمەرگە نەبوایە کە ئاراستەی سنگی خەڵك کرابوو، خەڵك ڕۆژی حەشری نیشانی مام جەلالیش دەدا. کەوایە ئەگەر یەکێتی و پارتی ڕێکیشبکەون، هەردرێژە بەو دۆخە دەدن کە ئێستا بەجیا جیا دەستیان ناوەتە بینەقاقای خەڵکی بێدەرەتان. هیچ باشتر بون و بەختەوەریەك، هیچ چارەسەرێك بۆ کێشە هەمەجۆرەکانی خەڵك لە بەرنامە و دەستوری هیچ لایەکیاندا هیچ جێگایەکی نیە. ئەوان هێشتا لە بیری ئەوەدان چۆن لەسەر حیسابی برسێتی و داتەکاندنی گیرفانی خەڵك، قەڵای سەروەتیان بەرزتر بکەنەوە.

چ لە ڕوانگەی چارەنوسی سیاسی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی نەبنە قوربانی شکستەکانی بزوتنەوەی کورایەتی،چ لە ڕوانگەی ژیانی خەڵك و کۆتایهێنان بەو کابوسەی یەکێتی و پارتی بۆ خەڵکیان خولقاندوە، خولانەوە لە بازنەی"ڕێکدەکەون و ڕێکناکەون"ی ئەم دوو حزبەنەك هەر بێهودە، بەڵکو کارەسات و درێژەی ئەزمونێکی تاڵە. ئاسۆیەکی ڕون بۆ خەڵکی کوردستان لە پێشدا بەندە بە کۆتایهێنان و لەکارخستنی ڕۆڵ و دەسەلآتی کورایەتی، بەرپاکردنی دەسەلآتێکی پشتبەستو بە ئیرادەی خەڵکی ڕێکخراو لە دەوری شورا و ڕێکخراوە سەربەخۆکان، هەڵکردنی ئالآی هاوخەباتی و هاوچارەنوسی لەگەڵ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق بۆ هەڵپیچانی دەسەلآتی قەومی-تائیفی و دامەزرانی دەوڵەتێك کە بەدەر لە ناسنامەی دینی و تائیفی و قەومی بە یەك چاو تەماشای هەموو خەڵکی عێراق بکات. هەتا ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی بیەوێت خەڵکی کوردستان پەلکێش بکاتەوە بۆ ژێر سیناریۆ کارەساتبارەکانی ڕابردوو، ئەم خەڵکەتەنها بە هەڵکردنی ئالآی هاوچارەنوسی لەگەڵ خەڵکی عێراق دەتوانن بەر بەو مەترسیە بگرن. چارەنوسی خەڵکی کوردستان بە چارەنوسی خەڵکی عیراقەوە گرێی خواردوە. خەڵکی عێراق دەتوانن دەستی دەوڵەتی مەرکەزی ببەستن. لەم نەبەردەدا نەك دەوڵەتانی کۆنەپەرست و ملهوڕی ناوچەکە و دنیا، بەڵکو بزوتنەوەی کرێکاریی و بەشەریەتی ئازادیخوازی جیهان پشتیوانی خەڵکی کوردستان دەبن.

٢٢/١٠/٢٠٢٦

مۆدێرنی کوردستان، وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، تیایدا جیاوازی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە، بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. ناکۆکی نێوان ئەم دوو چینە، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگەیە و سەرجەم کێشە و ناکۆکییەکانی تر لە دەوری ئەمە تەوەرەیان بەستوە. لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا دەسەلآتی حزبە بۆرژوا-ناسیونالیستەکان، وەکو نوێنەر و دەسەلآتی چینی بۆرژوازی کورد ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و لەسایەیدا کەمایەتییەکی کەم لەسەر حسابی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و سەپاندنی هەژاری و نەداری و کوێرەوەری بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتواندا، بوون بە میلیاردێر و لەناو سەروەت و ساماندا نوقم بوون. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ لەڕووی پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی و بەهرەمەندبوونی لە سەروەت و سامانێکی زۆرەوە، زەمینە بابەتییەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی تیادا فەراهەم بووە کە لە سایەیدا هەموان خۆشگوزەران بژین. ئەمانە چینی کرێکار و بزووتنەوەکەیانی کردوەتە هێزی بنەڕەتی بۆ ئالۆگۆڕی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینەیان کردوەتە کارێکی پێویست و دەستبەجێ و لە ڕووی بابەتیشەوە مومیکن.

بەشێک لە بەڵگەنامەی حزب: مانیفێستی حزب بۆ ئالۆگۆڕی شۆڕشگێڕانە... پەسەندکراوی کۆنگرەی (٥) دێسمبەری ٢٠٢١

کوردستان لە لێوارى بنبەستى ناسیۆنالستدا!

عوسمانى حاجى مارف

هاوکاتى قەیرانى ئابورى، ئەو گرژیە ئەمنى و سەربازیانەى لە ناوچەکەدا بەدى دەکرێن، پێشبینى دەکرێت، کە سەرەتاى قۆناغێکى نوێ و مەترسیدارە بۆ ڕۆژهەلاتى ناوەڕاست، لە هەمان کاتدا پێدەچێت گەورەترین مەترسى لەسەر دۆخى ئابووری و سیاسى کوردستان و عێراق دابنێت، بە لەبەرچاوگرتنى پشتبەستنیان بە نەوت و هەناردەکردنى، هاوکات کاردانەوەکانى داخستنى گەرووى هورمز و بەردەوامى پەککەوتنى ڕۆیشتنى نەوتى عێراق بۆ بازارە جیهانیەکان، هەروەها مامەڵەى دەسەلاتى سیاسى لە گەندەڵى و تالانچێتیدا، کە ئاکامى پێکهاتەى دەسەلاتى میلیشیایى بنەماڵە و تائیفیە، بەمەش فشارێکى زیاتر دەخەنە سەر ئاستى دابەزینى ژیان و گوزەرانى کرێکاران و خەڵکى هەژار و زەحمەتکێش.

ئەمە بەردەوامى دۆخێکى تایبەتە لە ڕۆژهەلاتى ناوەڕاستدا، بەهۆى کاریگەرى ڕۆڵى داگیرکارى و شەڕەنگێزى ئەمریکا و ستراتیژى نەخشەکانى لە ناوچەکەدا پێشهاتووە، کە بابەتێکى تێپەڕو کاتى و ساده نیە، کاتێ کە ناوچەکە لەم ناجێگیریە سیاسى و گێژاوەدا، بەرەوڕوى هەڕەشە و مەترسى زیاتر دەبیتەوە، دۆخەکە بەجۆرێکە کە خودى وڵاتان و لایەنە سیاسیەکانى دەخیل لە خولقاندنى ئەم دۆخەدا، ناتوانن و نازانن چۆن کۆتایى بەم قەیران و گێژاو و بارگرژیە بهێنن، دۆخەکە بە بێ ئاسۆیى و ئاڵۆزى ڕادەگرێت، لە کاتێکدا دەسەلاتى بنەماڵە و تائیفى وئەحزابى ناسیۆنالستى دواى دەورانێکى زۆر بە گرێدانى دەور و ئایندەى سیاسیان بەم دۆخەوە، ئێستا خۆیان و ئایندەى عێراق و کوردستانیان، لە چاوەڕوانى دۆخێکى پر گرفت و ئاڵۆز و نادیاردا ڕاگرتووە، لە لایەکى ترەوە بێشەرمانە منەتى بێبەهاى گاڵتەجارى پاڵەوانبازى خۆیان بۆ پاراستنى عێراق و کوردستان بە خەڵک دەفرۆشنەوە.!

لە هێرشەکانى ئەمریکا و ئیسرائیل، بۆسەر ئێران و بەردەوامى ئەو دۆخە پڕ گێژاوە بە حاڵەتى نەشەڕ نە ئاشتى، هەرەوەها بە داخستنى گەرووى هورمز، عێراق ڕێگاى هەناردەکردنى نەوتى زیاتر لە ٩٠٪ ى لەدەستداوە، ئەگەر ئەم کێشەیە یەکلایى نەبێتەوە، عێراق و کوردستان بەرەو ڕوى قەیرانێکى چڕتر و مەترسیدارتر دەبنەوە.

بنەماڵەى بارزانى و تاڵەبانى، پاش تالانکردنى بەشى زۆرى سەروەت و سامانى کوردستان و پڕکردنى گەنجینەکان و بانکەکان بە ملیارەها دۆلار، بەردەوامیان بە تالانچێتى، هەر لایەنێکیان وەك هێزێکى جیا و خاوەن بەرژەوەندى جیا و دژ بەیەك، بۆ پاراستنى هێزەکانیان، خەریکن گەمەى بەرژەوەندى سیاسیان لەگەڵ ئەو دۆخەدا بە زیاتر فشار خستنە سەر ژیانى خەڵك بەڕێوە دەبەن، بەجیا لەوەش کە جۆرى گاڵتەجارى گەمەکانیان مەترسى بووە بۆ سەر ئاسایشى خەڵکى، نەیانتوانى و نەیان ویست بە هەڵوێست و سیاسەتێکى ڕۆشن مامەڵەى ئینسانى نیشانبدەن، هەمیشە لەگەڵ هەڵبەزودابەزى دۆخەکەدا لەنگەر دەگرن، دەمێك بە پابەندبونیان بە سیاسەتى ئەمریکى و ئیسرائیل، دەمێك موریدى کۆمارى ئیسلامین، هەر بۆیە ئێستا لە بەرامبەر بنبەست و چارەنوسێکى نادیاردا بەرەوڕون ولە نێو گێژاوێکى سیاسیدا سەمایەکى زۆر ناشرین و قێزەون نمایش دەکەن.

لەلایەکى ترەوە هەلومەرج و بارودۆخى ناڵەبارى سیاسى بەشەکانى ترى کوردستانیش، لەژێر کاریگەرى ئەم شەڕە و ئاکامەکانیدایە، کە ڕۆڵى جدى بووە لەسەر زیاتر بێ ئاسۆیى و بنبەستى حزبەکانى کوردایەتى لە تورکیا و سوریا و ئێراندا، لە دۆخێکى زۆر هەستیاردا دەخولێنەوە و بەجۆرێك بە ئاشکرا بنبەستى خۆیان ڕاگەیاندووە، کە لە مێژووى هەڵسورانى سیاسى بزوتنەوەى ناسیۆنالستى کورددا دەردى وایان نەچەشتووە.

حزبەکانى کوردایەتى، بەگشتى لە ئێستادا فرسەتى ئەوەیان نیە، یان ناتوانن و ناکرێ، هاوکارى و هاریکارى لە گەڵ یەکتردا پێکبهێنن، یان لەسەر مەسەلەیەکى دیارکراو بەڕێکەوتنێك بگەن، هەر لایەنێکەیان لە سوچێکى ئەم گێژاوەدا دەردەدڵى خۆى دەکات و چاوەڕوانى هەوڵ و فرسەتێکى ترن، هەرچیەکیش بەسەر خەڵکدا دێت بێ منەتن!.

هەر لە "دیدارى میرى"دا قسەکانى نێچیر بارزانى و پۆزەکانى نەك ناتوانێ وەلام بە هیچ گرفتێك بداتەوە، بەڵکو کێشەکانى نیوانیان زیاتر دەشڵەقێنێت، چونکە بزوتنەوەى کوردایەتى لە ئێستادا دەورانێکى پاشەکشە و بێسەروبەر و بێهودە بەسەر دەبات، ئاسۆ و مەیدانێکى کراوە لە سەر ڕێگایان نیە.

هەر لەم بێسەروبەریەدا، پەنا بۆ هەر فریادڕەسێك دەبەن لەم گێژاوە دەریان بهێنێ ، تێکەڵ بونى بارزانى لەگەڵ ئەحمەد شەرعى سوریادا و ناونانى بەوەى 'دوژمانیەتى کورد" ناکات،

⇦

ئومێد بەستن بە دۆستایەتی ئەحمەد شەرع، پاشەکشەی هەڵوێستیان بەرامبەر ئێران، ترسیان لە داعش، ئەو سەرگەردانیەیە لە سیاسەتی هێزەکانی بنەماڵەدا کە هەوڵ ئەدەن بە هەر بەهایەك بێت خۆیان لەگەڵ ئەو دۆخەدا بگونجێین.

بە وردبوونەوەی زیاتر لە سروشتی ڕووبەڕووبونەوەکانی ئێستا، ململانێی جەمسەرەکان و ولاتانی ناوچەکە، ناوچەکەیان لە دۆخێکی بنبەست و تاریك و ناسەقامگیر و قەیراناویدا ڕاگرتووە، کەبواری ڕۆڵی حزبەکانی کوردایەتی بەبنبەست گەیاندووە.

زلهێزە گەورە و ناوچەییەکان تا ئەو کاتەی دۆخەکە کۆنترۆڵ دەکەن و ئاسایشی سەرمایەگوزاری دابین دەکەن، یان تا ئەو ساتەی دەگەن بەو ئاکامەی دەتوانن بەرژەوەندیەکان دابەش بکەن، هەوڵئەدەن ململانێکان لە لێواری ئەم ئاژاوە سیاسی و کۆمەلایەتیەدا بەڕێوەبەرن، لە ڕێگەی گەمارۆ ئابووریە پەککەوتووەکان و یاریکردن بە ولاتان و هێزە سیاسیە ناوخۆییەکان، تاکاتێکی نادیار بەردەوامی بەم دۆخە ئەدەن، بەبێ ئەوەی بخزێنە ناو شەڕێکی هەمەلایەنە و تێچووی زۆرەوە کە بەرژەوەندیەکانی هەمووان لەناو ببات.!

ئامانجی ستراتیژی ئەکتەرە نێودەوڵەتیەکان، "گۆڕینی ڕژێم" یان "بنیاتنانەوەی دەوڵەت" نییە، بە مانای گۆڕانی ڕیشەیی و ئاڵوگۆڕێك بەقازانجی کرێکاران و خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش، بەڵکو زیاتر ئەوەیە قەیرانەکان لە دۆخێکی گرژی هەمیشەیی گەرمدا بمێننەوە، فرسەت بۆ دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵك لە دەسەلاتی سیاسیدا لەقاڵب بدەن و بەم شێوەیە جەماوەری ناڕازی زیاتر بێ ئیرادەکەن، بەم شێوەیە ڕەوایی بە ئامادەبوونی ستراتیژیان دەدەن و بەرژەوەندیە دژە ئینسانیەکانی زلهێزەکان دەپارێزێن.

پەرتبوونی هێواشی خەڵکی ناوچەکە (بە عێراق و کوردستان و تورکیا و ئێران و خەلیج و هەرولاتێکی تری ناوچەکە) فۆرمێکی ململانێی زۆر وێرانکەرتری لە شەڕی ئاسایی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هیچ ئەنجامێکی یەکلایکەرەوە بەدەست ناهێنێت، کۆمەڵگاکان پاڵ دەنێت بۆ دۆخێکی چەقبەستووی سیاسی و کۆمەلایەتی دریژخایەن.

سیستەمی سەرمایەداری جیهانی کە قەیراناویە، لەم دۆخەی ئێستادا کاریان لەسەر میکانیزمی ئابووریەکی وێرانکەرە، کە لە ئاستی جیهان بە گشتی و لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی لەحاڵەتێکی گرژی هەمیشەیدایە، نە شەڕێکی وێرانکەر کە بازرگانی بە تەواوی ڕابگرێت و نە ئاشتیەکی بەردەوام کە پێویستی چەك و پاراستن کەم بکاتەوە، تا بەردەوامی گرێبەستە بەرفراوانەکانی چەك و کۆنترۆڵکردنی نرخی وزە و پاراستنی دارایی و وەبەرهێنان مسۆگەر بکەن.

ئەم واقعە کاریگەری کارەساتبار، لەسەر دەوڵەت و قەوارە کرێنشینەکانی هەرێمەکەمان بەتایبەتی هەرێمی کوردستان هەیە و دەیانخاتە ناو کەمبوونەوەی دارایی و ئیفلیجی سیاسی بەردەوام، لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانە و لە ئەنجامی نەبوونی تەواوەتی هیچ ڕۆشناییەك، ڕێگەی دەرچوون زۆر دوور دەمێنێتەوە، خەریکە ناوچەکە و دانیشتوانەکەی بە دیلکراوی دەهێڵێتەوە بۆ دۆخێکی سەرلێشێواوی بەردەوام.

لایەنەکانی ناسیۆنالستی کورد بەگشتی لەم قەیران و گێژاوەدا ترس و دڵەڕاوکێیان پێوە دیارە، هەروەها ناڕۆشنن بەرامبەر بەوەی دەتوانن چی بکەن و چیان دەستدەکەوێت، خەریکن بە بارمتەی تەسك و ملکەچی زیاترەوە تەسلیم بە پاراستنی دەسەلاتی بنەماڵەیی و مانەوەی هێزە میلیشیاکانیان دەبن، بێشەرمانە خۆیان ڕادەستی ئەم دۆخە دەکەن، ئەوەی گرنگە بۆیان مانەوەیە گەر بەرەو ڕوی هەر ڕسواییەکیش ببنەوە.

بە مانایەکی تر، بنبەستی تەواوی بزوتنەوەی ناسیۆنالستی کوردە لە خۆبەستنەوەیان بە چارەسەری مەسەلەی کوردەوە، تەواوی ئایدیۆلۆژی داڕێژراویان لە پەیوەند بە مەسەلەی کوردەوە بەشکستێکی گەورە سپاردووە، پاراستنی هێزەکانیان و سەروەت سامانیان گرنگترین مەسەلەیانە.

لە ئاکامدا ئەم دۆخە بە هاتنە مەیدانی ناڕەزایەتی ڕێکخراو و بەرفراوانی جەماوەری، لە ئاستی ناوچەکەدا، دەتوانێت کۆتایی بەدەوری زلهێزەکان و هێزە میلیشیاکان و دەسەلاتی تائیفی و بنەماڵەیی و ئیسلامی سیاسی و هەرهێزێکی کۆنەپەرست بهێنێت، لە هەمانکاتدا دەتوانێت ئاڵوگۆڕێکی جدی لە پەیوەند بە بەرژەودندی خەڵکەوە تیا بەدەست بێت، ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بەدەوری ئیرادە و هێز و دەسەلاتی ڕاستەوخۆی خەڵك لەدەسەلاتی سیاسیدا مەیسەر دەبێت.

★

بزوتنەوەی کورادیەتی بزوتنەوەیەکی سیاسی بۆ چارەسەری پرسی کورد نیە، بەڵکو بزوتنەوەی سیاسی- کۆمەڵایەتی بۆرژوازی کوردە کە لەسەر ستەم و ڕەنج و قوربانی خەڵکی کوردستان و بەناوی بەرگری لەوانەوە، بەشوێن بەشداریکردنەوەیە لە پرۆسەی وەبەرهێنان و کەڵەکەکردنی سامان و قازانج لەپاڵ بەشەکانی دیکەی بۆرژوازیدا!

گفتوگۆ لەگەڵ ناديه مەحمود یەکێک لە دامەزرێنەرانی (هاوپەیمانی ئەمانی ژنان- تحالف امان النسوي) سەبارەت بە خۆپێشاندانەکانی بەغدا و بەسرە دژی یاسا و مەدەوەنەی جەعفەری

ئۆکتۆبەر: رۆژی ١٦ ی مانگ لە هەردوو شاری بەغداو بەسرە خۆپیشاندانێکی جەماوەری دژ بە هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی عێراق و بەدیاریکراوی مدونەی جەعفەری بەڕێوە چوو. ئەوانەی باگەوازیان بۆ کرد کێ بوون و بەشداربوان کێ بوون؟ ئایا تەنها ژنان بوون یاخود پیاوانێکیش بەشداربوون؟ تا چ رادەیەک ئەم مدەوەنەیە زیانی بە پێگەی و مافەکان و کەسایەتی ژنان گەیاندوە؟ داواکارییە سەرەکییەکان چی بوون؟

نادیە مەحمود: هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک لە گۆڕەپانی تەحریر لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا، هەڵمەتێکی دیجیتاڵیی جیهانیش بۆ پشتیوانیکردنی ژنانی عێراق دژی مدەوەنەی جەعفەری دەستیپێکرد. بەشێوەیەک لاپەڕەکانی تویتەر (ئێکسی ئێستا) پڕبوون لە سەدان هەزار پەیامی هاوسۆزی بەتایبەتی لەگەڵ ژنانی عێراقدا، جگە لە هاوسۆزی لەگەڵ ژنانی سعودیە و لیبیا. دوای بەردەوامبوونی ئەم هەڵمەتە بەرفراوانە بۆ ماوەی نزیکەی دوو هەفتە، کۆبوونەوەیەک (وەستانێک) لە گۆڕەپانی تەحریر ڕاگەیەندرا.

بە وردی بۆ ئێمە ڕوون نییە کێ بانگەوازی بۆ ئەم کۆبوونەوەیەی کردووە لەم ڕۆژە دیاریکراوەدا. بەڵام لە شەشەم ڕۆژی مانگی ئۆکتۆبەردا، دوای تێپەڕبوونی یەک ساڵ بەسەر ڕاگەیاندن و پەسەندکردن و بڵاوکردنەوەی مەدۆنەکەدا لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقیدا، کە بڵاوکردنەوەی لە وەقائیعی عێراقیدا بەپێی یاسا واتە چوونە بواری جێبەجێکردنەوە. بۆیە هەندێک ڕێکخراو هەبوون جەختیان لەسەر ڕێکخستنی چەندین چالاکی بەم بۆنەیەوە دەکردەوە، و ڕێکخستنی ئەم خۆپیشاندانەش کاری سەرەکی بوو بۆ یادکردنەوە و سەرکۆنەکردنی دەرچوونی ئەم مدەوەنەیە. چەندین ڕێکخراو بەشداریان لەم کۆبوونەوەیەدا کرد، لەوانە هاوپەیمانییەکەی ئێمە (هاوپەیمانیی ئەمانی ژنان) و زیاتر لە دووسەد ژن و ئەو دایکانەی بەوهۆیەوە تووشی زیان بوون یاخود دایکی ئەوژنانە و خێزانەکانیان بەشدرابوون.

بەشداریی پیاوانیش هەبوو، بەڵام بەراورد بە ژنان کەم بوو. دایکەکان و چالاکوانانی ڕێکخراوەکانی ژنان لە پێشەنگی ئەم چالاکییەدا بوون. زۆرینەیان ئەو دایکانە بوون کە لەمێردەکانیان جیابووبونەوە و لە پلەی یەکەمدا هەڕەشەی لەدەستدانی منداڵەکانیان لەسەر بوو.

ئەم مدەوەنەیە زیانی گەورەی بە پێگە، ماف، کەرامەت و سەلامەتیی دەروونی و جەستەیی ژنان گەیاندووە. لەڕاستیدا مدەوەنەکە پڕییەتی لە بڕگەی خراپ بەرامبەر مافەکانی ژنان لە لایەنی جۆراوجۆرەوە؛ بۆ نموونە: مافی ژنان بۆ جیابوونەوە تەنها لە سێ هۆکاری شەرعیدا کورتکراوەتەوە. بەڵام ئازادیی داوە بە پیاو کە کۆنترۆڵی جوولەی هاوسەرەکەی بکات، و ئەگەر ڕەتی بکاتەوە بە "ناشزە" (یاخیبوو) ئەژمار دەکرێت و بەمەش مافی نەفەقەی نامێنێت. مافی فرەژنی پیاو بێ ئەوەی پێویست بێت ڕەزامەندیی هاوسەرەی یەکەم بەدەستبهێنێ، بەپێچەوانەی یاسای ژمارە ١٨٨ ەوە. بڕیاری جیابوونەوەی ژن ئەگەر لەلایەن داوەریشەوە پەسەندکرابێت، ناچێتەبواری جێبەجێبوونەوە ئەگەر دەسەلاتی ئایینی یان مەرجەعی ئاییننی پەسەندی نەکات! کاتێک باباتەکە پەیوەندی بە مافی ژنانەوە دەبێت لە تەلاقدا ڕۆڵی دادوەر کۆتایی پێهاتووە! ژن تەنها چارەکی (١/٤)ی ئەوەی هاوسەرەکەی



جێێدەهێڵێت (میرات)ی بەردەکەوێت، و بمێنێتەوە دوای مردنی هاوسەرەکەی ناتوانێت لەناو مااڵی هاوسەرەکەیدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەفڕۆشرێت و لە بەهای فرۆشتنەکە چارەکێکی دەدرێتە دایکەکە و ئەوانی تری دەدرێتە ئیمام. وە چەندین بڕگەی تر لە یاسای جەعفەری کە پێشێلکاریی مافەکانی ژنان دەکات، وەک هاوسەرگیریی کچانی منداڵ (قاسرات) و هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگاکان... هتد.

بەڵام گەورەترین مەسەلە کە لە سەرەوەی لیستی داواکارییەکانەوە بوو، چارەنووسی منداڵان بوو، بەوەی کە مدەوەنەکە بڕیاریداوە مافی بەخێوکردنی منداڵ (حەزانە) لە دایکەوە بگوازێتەوە بۆ باوک بەگەیشتنی منداڵەکە بە تەمەنی ٧ ساڵی، یان تەنانەت کەمتر لەم تەمەنەش ئەگەر باوکەکە هۆکارێک بدۆزێتەوە کە مافی بەخێوکردن لە دایکەکە بسێنێتەوە (بۆ نموونە بانگەشەی ئەوە بکات کە "لە ڕووی ڕەوشتەوە لایداوە"). بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگەر دایکەکە هاوسەرگیری بکاتەوە، ڕاستەوخۆ و بەگەیشتنی منداڵەکە بە تەمەنی دوو ساڵی منداڵەکەی لێ دەسەنرێتەوە. بۆیە بەتایبەتی کێشەی بەخێوکردنی منداڵ (حەزانە) و

⇦

بەدیاریکراوی بڕیاری ٩٣ کە دادگای تەمییزی فیدراڵی پەسەندی کردووە ببووە تەوەری سەرەکی، کە تێیدا مەرجی گەیشتن بە ١٨ ساڵی دادەنێت بۆ ئەوەی منداڵ بە گەورە ئەژمار بکرێت تا بتوانرێ مافی هەڵبژاردن ببەخشرێت بە منداڵەکە، بەپشتبەستن بە ماددەی ١٠٦ لە یاسای شارستانیی عێراقی. جگە لەمەش بابەتی ئەسەری رەجعی(الأثر الرجعي) کە واتای ئەوەیە ئەو ژنانەی پێش دەرچوونی مەدەونەکە جیابوونەتەوە، هاوسەرە پێشووەکانیان دەتوانن مەدەونەکە و مەرجەکانی بەسەریاندا جێبەجێ بکەن. بەمەش ئەو ژنانەی بەپێی یاسای ١٨٨ هاوسەرگیریان کردووە و جیابوونەتەوە، هەڕەشەی جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاسای جەعفەرییان لەسەرە.

لە وەڵامی ئەم مەدەونەیەدا، ژنان و بەتایبەتی دایکە جیابوەوەکان (گروپ)ێکیان لە واتسئاپ پێکهێنا. هەندێکیان ڕەتیانکردەوە منداڵەکانیان لە دادگاکان ڕادەست بکەن، هەندێک ژن زیندانیکران بەهۆی ڕەتکردنەوەی ڕادەستکردنی منداڵەکانیان، هەندێکیان لەگەڵ منداڵەکانیان ڕایانکرد بۆ کوردستانی عێراق و بەتایبەتی بۆ شاری هەولێر، چونکە یاسای جەعفەری لەوێ جێبەجێ ناکرێت. هەندێکیان تووشی تێکشکانی تەندروستی بوون و گەیەندرانە نەخۆشخانەکان بەهۆی ڕووخانی دەروونی و جەستەیی کە تووشیان بوو لە ئەنجامی لێسەندنەوەی منداڵەکانیان.

ڕۆژانە لە دادگا عێراقییەکاندا لەسەر حەزانە شەڕ ڕوودەدات، کە باوکەکە وەک سەرکەوتوو دەردەچێت و منداڵەکان بەزۆر لە دایکەکانیان دەسەنێتەوە. هەندێک جار باوکەکان منداڵەکان لە شەقامەکانەوە دەبەنەوە تائەوکاتەی دادگا بڕیاریان بۆ دەردەکات. بە چاوی خۆم بینیومە چۆن شەڕ و لێدان لەنێوان باوکە جیابوەکان و براکانی ژنەکە یان خاڵەکانی منداڵەکان ڕوویداوە کە پشتیوانیی ژنەکانیان دەکرد، و منداڵەکەش لە ناوەڕاستی ئەم ئاڵۆزییەدا دەبێتە قوربانیی یەکەم.

ئۆکتۆبەر: لە دوای خۆپیشاندانەکە، پیاوانی ئایینی شێعە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی توندیان دژی ژنانی خۆپیشاندەر دەستپێکرد. ئەوان ئەم ژنانەیان تۆمەتبار کرد بەوەی کە "نامەحترمن"، "دەرچوون لە فەرمانی شەرع"، و پڕوپاگندەی ئەوەیان دەکرد کە لەلایەن دەرەوەوە هان دەدرێن. ئەمەش وەک جۆرێک لە سووکایەتیکردن و توندوتیژیی دەروونی بەکارهات بۆ ناوزڕاندنیان و بێبایەخکردنی داواکارییەکانیان. ئایا ئێوە لەوبارەوە چ قسەیەکتان هەیەو تا چ ڕادەیەک ئەو هێرشانە دەتوانێ خۆپیشاندەران و ژنانی نارازی بێدەنگ بکات؟

نادیە مەحمود: بەڵێ، پیاوانی ئایینی و لایەنگرانی مەدەونەی جەعفەری هیچ ڕێگەیەکیان نەهێشتەوە کە نەیگرنەبەر بۆ ڕێگریکردن لە ژنان بۆ داواکردنی مافی خۆیان و مافی منداڵەکانیان. ناوزڕاندن بەشێوەی ڕۆژانە، تۆمەتی بەدڕەوشتی هەڵبەستن بۆ دایکەکان، هەرچەندە بەشێک لە دایکەکان لە کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەکانی یەکەمجاردا وێنەی پیاوانی ئایینییان بەرز دەکردەوە بەئومێدی ئەوەی بتوانن سۆز و پشتیوانی ئەوان بەدەستبهێنن، بەڵام تووشی بێهیوایی بوون لە بەدەستهێنانی هیچ پشتیوانییەک. لە دوا خۆپیشاندانداو وێنەی هیچ پیاوێکی ئایینی بەرز نەکرایەوە. پەرلەمانی عێراق گەورەترین هەڵمەتی ڕاگەیاندنی بەڕێخست بۆئەوەی ژنانی شێعە هان بدات دژی ئایین و مەزهەب بوەستنەوە بەوەی کاتێک دایکەکان لە نێوان هەڵبژاردنی ئایین و مەزهەب لەلایەک و منداڵەکانیان لەلایەکی ترەوە، منداڵەکانیان هەڵدەبژێرن. گوێم لە یەکێک لەو دایکە بێهیوا و نیگەرانە بوو کە لە سەندنەوەی منداڵەکانی دەترسا، دەیوت: "ئایا دەبێت ببمە مەسیحی؟" بۆ ئەوەی خۆیان لە بڕگەکانی یاسای جەعفەری ڕزگار بکەن. بێگومان ئەمەش کارێکی سادەو سەلامەت نیە، و واتای ڕزگاربوونیان نادات تەنانەت ئەگەر بچنەسەر ئایینێکی تر یان مەزهەبی سوننەش؛ چونکە هەندێک لە سوننەکان ئێستا گرێبەستی هاوسەرگیرییان لەسەر مەزهەبی جەعفەری دەکەن، بەهۆی ئەو مافانەی بە پیاوانی دەدات لەسەر حیسابی ژنان. بەڵام دایکەکان بێدەنگ نابن. کاتێک ئازاری بێچووی پشیلەیەک دەدەی دەبینی کەە پشیلە دایکەکە چی دەکات بۆ بەرگریکردن لە بێچووەکانی! پێیانوایە مرۆڤێکی دایک دەربارەی ئەو کارە چی بکەن؟ بێگومان بێدەنگ نابن.

ئۆکتۆبەر: ئایا هیچ هەماهەنگییەک لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنانی هەرێمی کوردستان هەبوو بۆ بەشداریکردن لەم خۆپێشاندانەدا یان نا؟ و کاریگەریی بەشداربیان لەو وەستانە ناڕەزایەتییەدا لەناو بەشداربووواندا چۆن بوو؟ چۆن دەڕوانینە داهاتووی پەیوەندیتان لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان لە هەرێم و ڕێکخراوەکانی ژنان؟

نادیە مەحمود: بانگەوازەکە بەفراوانی بەڵاوکرایەوە بۆ بەشداریکردن لە خۆپێشاندانەکەدا، بۆیە ڕێکخراوەکان (نەک هەموو ڕێکخراوەکان) ئەندامەکانی خۆیان نارد بۆ پەیوەندیکردن بە خۆپێشاندانەکەوە. دیارە شوێنی کۆبوونەوەکە لە شەوی پێش خۆپێشاندانەکە بە چەند کاتژمێرێک گۆڕدرا، کە ئەمەش سەرەگێژەیەکی بەرفراوانی دروستکرد بۆ ئاگاداربوون لە شوێنەکە تازەکە، چونکە لە گۆڕەپانی تەحریرەوە گۆڕدرا بۆ گۆڕەپانی فردەوس بەبێ ئەوەی ڕوون بێت بۆچی لایەنە ئەمنییەکان ڕێگەیان نەدا کە لە گۆڕەپانی تەحریر ئەنجام بدرێت. ئەمە بووە هۆی دروستبوونی شڵەژان دەربارەی ئەوەی شوێنی ڕاستەقینەی کۆبوونەوەکە کوێیە. بۆیە، دوای ئاگاداربوون لە گواستنەوەی شوێنەکە بۆ گۆڕەپانی فردەوس، ڕێکخراوەکان بەشداربوون و چالاکوانانی کوردستانیش ئامادەبوون. لە هەمان کاتدا، هاوسۆزییەکی بەرفراوان لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانەوە هەبوو بەوەی کە چالاکییەکی هاوسۆزییان لەگەڵ ژنانی ناوەڕاست و باشووردا ئەنجامدا بۆ ڕەتکردنەوەی مەدەونەی جەعفەری.

هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی دژی مەدەوەنەی جەعفەری بۆ ئۆکتۆبەر دەدوێن!

ئۆکتۆبەر: چ پرۆژەیەکی دیکەتان هەیە بۆ پاشەکشەکردن بەم مەدەوەنەیەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەموارکردنەوەی کەدەستی شەرعی و مەدەوەنەی سونەو شیعە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و هاوسەرگیریدا دەسەپێنێ .. لەجیاتی ئەوەی یەک یاسای مەدەنی باری کەسێتی بۆ عێراق و هاوڵاتیانی عێراق کارپێبکات، دابەشیان دەکات بۆ تایفەی دینی و مەزهەبی و ژیانی کۆمەڵایەتی ومافەکانیان بەو پیوانەیە دەستنیشان دەکات؟

نادیە مەحمود: کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەدەوەنەکە بەردەوامە. بەدڵنیاییەوە دایکەکان، ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان شێوازی جیاواز بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەدۆزنەوە. بۆ نموونە چەندین سیمینار بەڕێوەبراون، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنراون بۆ گەیاندنی پەیامی ژنان، دایکەکان و ڕێکخراوەکان. دەستکراوە بە نوسینی کتێب و بڵاوکردنەوەی لە ڕەتکردنەوەی مەدۆنەکەدا، و لەوەش زیاتر دەستپێکردنی هەڵمەتێکی جیهانی کە ژنان و پیاوان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهانەوە بەشداریان تێدا کردووە دژی ئەم مەدەوەنەیە. بەدڵنیاییەوە لە ئێستا و داهاتوودا کاری زۆرتر دەکرێت لەدژی و بۆ هەڵوەشاندنەوەی. ئێستا چالاکوانانی ژنان بیر لەوە دەکەنەوە کە نە مەدەوەنەکە و نە تەنانەت یاسای ژمارە ١٨٨ ی باری کەسێتی لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ژنان دادپەروەرانە نین. ئێستا بیر لە پێشکەشکردنی بەدیلێکی خۆیان دەکەنەوە بۆ یاسای خێزان کە دادپەروەری و یەکسانی بەدیبهێنێت و کەرامەتی هەر تاکێکی خێزان بپارێزێت، و داهاتوو زۆری لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتوە.

☆

ئۆکتۆبەر: نوێنەری ئێوە لە خۆپیشاندانی بەغدا دژی مەدەوەنەی جەعفەری ئامادەیی هەبوو وە بایەننامەیەکی خوێندەوە، تا چ ڕادەیەک ئەم خۆپیشاندان و چالاکیەی ژنان دژ بە یاسای جەعفەری و مەدەوەنەی شیعی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئێوەدا کراوەو تا چ ڕادەیەک ئێوە پەیوەندیتان بەو ڕێکخراو لایەنانەوە هەیە کە ئەو خۆپیشاندانەیان ڕێکخست!؟ هەروەها ئێوە لەسلێمانی بۆ پشتیوانیکردن لە ژنانی عێراق چالاکیەکی سیمبولیتان بەڕێوەبرد. ئایا تا چ ڕادەیەک ئەم جۆرە چالاکیانە دەتوانێ هێزێکی کاریگەری سەراسەری دروست بکات دژی هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی کە ژنان کۆت و پێوەند دەکات و مافەکانیان پێشێل دەکەن!؟



بەهار مونزیر: هەر لەسەرەتای دەنگۆی هەمواری یاسای باری کەسێتی ئیمە لە کوردستان دەستمان کرد بە کار و چالاکی و لەسەرەتایی دروستبوونی هاوپەیمانی ١٨٨ وەک تۆری ٨ مارس بوینە ئەندام و زۆربەی ڕێکخراو چالاکوانن چونە ناو ئەو هاوپەیمانیەنەوە و بەکاری سەرەکی خۆمان زانی کە ڕووبەڕووی بوستینەوە، چەندین سەمینار و پێدانی زانیاری لە لایەن یاسایەکانی ناو تۆڕی ٨ مارس ڕێکخرا لە ناو زانکۆ و ڕێکخراوەکان مەترسیەکانی سەر کۆمەڵگای عێراق باسکرا و بە جۆرێک هەتا ئەو ڕادەیە ناوی تۆری ٨ مارسمان بە کاتی کرد بە هاوپەیمانی ١٨٨.

بەشداریمان لە کۆنفرانسی فراوانی شاری بەغداد کرد و لەویش نزیک دوو ساڵ پێش ئێستا لەناو کۆنفرانسەکەدا بەیانی پشتیوانی و هامئاهەنگیمان خوێندەوە . نزیک ١٠ ئەندامی تۆڕەکە بەشداریمان کرد لە بەغداد و نوینەری تۆڕ بەردەوامبوو لە پەیوەندی و لە شاری سلێمانی لەگەڵ هاتنی نوێنەرانی هەوپەیمانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیمان بۆ بەستن، هەر لەسەرەتای ئەم باسەوە تۆڕی ٨ مارس یەکێک لە چالاکیە فراوانەکانی ڕێکخست لەبەردەم نوسینەگەی پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی فشار بکەین لەسەر پەرلەمانتارەکان و لەوێش بەڵێنی ئەوەیان دا کە ئەوان دەنگ نادەن بەو پرۆژە پێشنیارە لەو کاتەدا، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست بوو. هەموو بیدەنگیان هەڵبژراد و لە چەندین جیگا ئیمە ڕەخنەی تووندمان گرت. هەتا ئەوەی گەیشتە ئاستی تووڕییمان لە پەرلەمانتارە کوردەکان کە خۆتان دەزانن بە سەبەتەیەک یاساوە ڕێکەوتنیکی دوور لە ویستی خەلک کرا. لە تاریکیدا خۆیان ڕێکەتبوون و هیچ کەس باسی لەوە نەکرد کە دەنگیان داوە یاخود ڕیکەوتنی سیاسی کراوە.


تۆڕی ٨ مارس وەک یەکێک لە کارە گرنگەکانی خۆی دەزانیت کە دەبیت هەمێشە دەنگیکی بەرزی هەبیت بەرامبەر بە دەستدریژی بۆ سەر مندالانی عێراق و بەشودانی منداڵ وەک ئەرکی لە پێشینەی کارەکانمانە. هەمان کار لێسەندنەوەی کۆمەڵێک ماف لە ژنانی عیراق وەک مافی حەزانە. لە ئیستا بەپێی ئەم مەدەوەنە دژی ژن و دژە مرۆڤایەتیە ژنان بێبەرین لەو مافە، ئیمە بەجیا لە ناوخۆ پەیوندیمان بە چەندین جیگای جیهانیەوە کرد وەک پەرمانی یەکیەتی ئەورپا و ئەوەبوو

وەلامیان دایەوە کە ئەوان نیگەرانن لەو یاسایە و ڕەخنە لە عێراق دەگرن، لەگەڵ ئەمانەشدا ئیمە لە نامەکەماندا تیشکمان خستبوە سەر پاراستنی داکۆکیکاران لە مافەکانی ژنان و ئەوەمان بە خاڵێکی گرنگ زانیبوو. ئەوانیش جەختیان لەو بابەتە کردبوەوە، بەڵام بەداخەوە خۆتان ئاگادارن هاوری یەنار محمد لە ناو شاری بەغداد کرایە ئامانج،،،

سەبارەت بە کاری ئیمە هەر لەسەرەتاوە جاریکی تر بۆ ئەم چالاکیەی شارەکانی عێراق هامئاهنەگ بووین و هەر زوو لیرە بڕیاری کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیمان دا و ڤیدیۆکەمان بڵاوکرایەوە و نوێنەری تۆڕی ٨ مارس و هاوپەیمانی شاری سلیمانی نەغەدە عوسمان بەشدار بوو بەیاننامەی هاوپەیمانی – تۆری ٨ مارسی خوێندەوە لە شاری بەغداد ، ئیمە بەردەوامین لە پەیوەندی و کارکردن ، بەڵام لامان گرنگە کاری سەرتاسەری بکریت و بەدڵنیاییەوە لە ڕابردووشدا لە دەرەوەی عێراقیش کاری لەسەر کرا. بەڕای من پیوسیتە ئەم دەنگە ئەوەندە بەهێز بیت هەتا یاساکە هەموار بکرێتەوە لە جیگای ئەو یاسایەکی مەدەنی و مرۆڤدۆست کاری پێبکریت لە دادگاکان، هەتا ئەوە ڕوونەدات ئیمە بەردەوام دەبین و دەبیت لەگەڵ هەڵسوارانی بزوتنەوەی ژنانی عێراقدا پلان دادەنێین بۆ کاری داهاتوو... ئەمە کاری لە پێشینەی ئیمەیە...

ئۆکتۆبەر: ئێوە لە خۆپیشاندانی ١٦ ئۆکتۆبەر ی بەغدا دژی یاسای جەعفەری و مدەوەنەی شیعی بەشداریتان کرد و وتەیەکتان خوێندەوە وەکو نوێنەری چالاکوانی ژنانی هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکەو داواکاریەکانی ژنانی عێراق. ئایا چۆن بوو بڕیارتان دا بەشداری لەو خۆپیساندانەدا بکەن؟ ئایا هیچ جۆر هەپەیوەندی و تەنسیقێک هەبوو لەنێوانتان داو ئێوە ئاگاداری خۆپیشاندانێکی لەوجۆر هبوون؟

نەغەدە عوسمان: ئامادەبونمان لە خۆپیشاندانەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە بەغداد، بە ئامادەییەوە بو، هەر بۆیە ووتەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان پێشوەختە ئامادەکرابو بە زمانی عەرەبی، ئیمە وەک ڕێکخراوێکی بەرگریکار لە مافەکانی ژنان، بەپێویستمان زانی، دژی دەنگدان بە بڕیاری جەعفەری کە لە پەرلەمانی عێراقدا دەنگی پێدرا ئامادەبین لەو ناڕەزایەتییەدا، وە داواکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە کۆنەپەرستانەو قێزەوەنە بین، چونکە بڕیارێکی لەم جۆرە تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە کچانی خوار هەژدەسالّ لەلایەک وە لەوەش خراپتر،بە سەدان سالّ



کۆمەڵگا دەباتەوە دواوە و بەدواشیا هەزاران منداڵ دەکاتە قوربانی، بۆیە پێویستە بە ئامادەیی و بە تونڈی لە بەرامبەریدا ڕاوەستینەوە، نابێت ڕێگا بدەین بە زۆر ئەم یاسا بۆگەنە بیسەپێنن.

بونی ئێمە وەک نوێنەری ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان، وە نوێنەرایەتی گروپی ٨ی مارس، هۆکاری بەهێزی پەیوەندیمانە لەگەڵ تەحالوفی ١٨٨ی بەغداو ڕێکخراوەکانی تری ژنان لە بەغداد و هەندێ شاری تری عێراق، وە ئاگادارین لە هەر کارو چالاکیەک کە لەلایەن



ڕێکخراوەکانی ژنان لە بەغداد بەڕێوە دەچێت.

ئێمە وەک ڕێکخراو لەگەڵ گروپی ٨ی مارس و ئەندامانی تەحالوفی ١٨٨ی هەرێم بەتایبەتی شاری سلێمانی کە هەمیشە پێشڕەوە لە پشتگیری کردن و هاوبەشیکردن لەگەڵ لایەن و ڕێکخراوە ئازادیخوازو یەکسانی خوازەکاندا، بۆ هەر ڕوداوویکی نەخوازراوی دژ بە ژنان. ڕێکخراوی سەربەخۆ زۆرترین کارو چالاکیەکانی لەگەڵ گروپی ٨ی مارس بەڕێوە دەبات، ئەم گروپەش لە ئەنجامی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زۆرترین ژمارەی ڕێکخراوەکانی ژنانە لەژێر چەترێکدا، لە پێناو بەرگری لە مافەکانی ژنان لەگەڵ بونی هەرجیاوازیەک لە بەرنامەو بیرو ڕای ئەندامانی ڕێکخراوەکاندا، بەمەرجێک بڕوایان بە ئازادی ژنان هەبێت، لە کۆتایدا هەموان بەرگری لە مافەکانی ژنان دەکەین، کاری لەپێشی گروپەکەش وەستانەوەیە بەرامبەر بە ژن کوشتن کە ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیاد بوندایە، هۆکاری ئەمەش بونی سیاسەتی کۆنەپەرستی و پیاو سالاری و سەپاندنی شەریعەی ئیسلامی و نەبونی یاسایەکی مەدەنی و شارستانی تۆکمەیە بۆ پاریزگاری کردن لە گیا ن و ژیان و پێگەو کیانی ژنان.

ئۆکتۆبەر: ناوەرۆکی بەیانەکاتان و پشتیوانیەکەتان چی بوو ئەگەر بە کورتی ئاماژەی پێبکەی و بۆ خوێنەرانی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەری ڕوون بکەیتەوە.

نەغەدە عوسمان: سەرەتا بوونی ئیمە وەک نوێنەری هەرێمی کوردستان بۆ خۆی خاڵێکی گرنگ بو بۆ دەسەڵاتی هەردوو لا، کە خەڵکی کوردستان بەگشتی دژی ئەم بڕیارەن و لە بەیاننامەکەماندا بە دژی مەدەوەنەی جەعفەری بەرووڵی ئەوەمان ڕاگەیاند، و بەشێوەیەکی سەرەکی جەختمان لەسەر ئەوە کرد کە:

یەکەم: ئیمە وەک ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان لە ووتەکانماندا ئەو هەموارکردنە ڕەتدەکەینەوە و دەڵێین نابێت بە بڕیارێکی کۆنەپەرستانەی ئێوە منداڵانێک کە هێشتا خۆیان پێویستیان بە باوەشی گەرم و جوابدانەوەی داواکاریەکانیانە، ئێوە ژیانیان بگۆڕن بۆ بەرپرس لە خزمەتکردنی منداڵ و بوون بە دایک کە هێشتا وەک خونچەیەکی نە پشکوتون، چ جای ئەوەی بچنە ژیانێکەوە لەگەڵ کەسانێک لە درندەیەک نەبێت لە هیچی تر ناچێ.

دووەم: ڕێکخراوەکەمان بە پەرۆشەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارە دەکات جارێکی ترو بۆ؟ لەبەرئەوەی کە هەموو مافەکانی ژنان لەژێر پێ دەنێت و دەیانکات بە کۆیلەیەکی بێئیرادەی پیاوان. ژنانێک کە جیادەبنەوە لەنەفەقەو هاوکاری بێبەش دەکات، منداڵەکان لە باوەشی گەرمی دایکیان هەڵدەبچڕێت. تەنانەت ئەو زەواجانەی کە پێشتر کراون دەتوانرێ بە ئەسەر ڕەجعی بەپێی بڕیارەکانی ئەم مەدەوەنەیە دەسکاری بکەن و ژنان لەمافەکانیان بێبەش بکەن و تاد.

سێیەم: ئەم بڕیارە ئەگەر لە عێراقدا بچەسپێ و کاری پێبکرێ، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کە لە هەرێمیشدا کاری پێبکرێت بەتایبەتی کە لەبەرژەوەندی پیاوانێکە کە دەیانەوێ کچی منداڵ و لەدەرەوەی داگا مارە بکەن و چەند ژن بێنن و... تاد. هەروەکو فەزایەکی کۆنەپەرستانەو دژە ژن پەرەپێدەدات و پاساوێکی باش دەداتە دەستی کەسانی کۆنەپەرست و خێزانە دواکەوتوەکاندا بۆ توندکردنەوەی بێمافی کچەکان و ژنەکانیان.

☆

هەمواری یاسای باری کەسێتی لە عێراق: کاتێک کەرامەتی ژن و منداڵ دەخرێتە مەزادەوە!

توانا محمد نوری

کاتێک لە عێراق باسی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی دەکرێت کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ خرایە بەردەم پەرلەمان، باسی چەند دەقێکی وشکی ناو کتێبە یاساییەکان ناکەین، بەڵکو باسی ژیانی ڕۆژانەی خۆمان، کچەکانمان، دایکان و داهاتووی منداڵەکانمان دەکەین. ئەم بابەتە تەنیا کێشەیەکی ئاینی یان مەزهەبی نییە، بەڵکو دەستکارییەکی مەترسیدارە لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و هەوڵێکە بۆ بردنەپێشەوەی بەرژەوەندیی سیاسی و کۆنترۆڵکردنی ژیانی خەڵک لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی توندی پیاوسالارییەوە.

بۆئەوەی لە مەترسی ئەم دۆخە تێبگەین، دەبێت بزانین یاسای ساڵی ١٩٥٩ چی بوو. ئەو یاسایە بەرهەمی خەباتی دەیان ساڵەی خەڵکی پێشکەوتنخوازی عێراق بوو و دەیویست هەموو هاوواڵتیان بەبێ جیاوازی لەبەردەم دادگادا وەک یەک بن. لەو یاسایەدا تەمەنی هاوسەرگیری بە ١٨ ساڵ دیاریکرابوو، ڕێگری لە فرەژنیی بێمەرج کرابوو، و مافێکی باشیش بە دایک درابوو بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی دوای جیابوونەوە. بەڵام ئەم هەواڕە نوێیە دەیەوێت ئەم یەکپارچەیە مەدەنییە تێکبدات و لەبری دادگاکانی دەوڵەت، کێشەی خێزانەکان بداتە دەست دەقی مەزهەبی و سەرۆک خێڵەکان، کە ئەمەش هاوواڵتیبوون لەناو دەبات و خەڵک دابەشی سەر تائیفەکان دەکات.

یەکێک لە مەترسیدارترین لایەنەکانی ئەم یاسایە، پرسی بەشوودانی کچانی منداڵە. کاتێک یاساکە دەسەڵات دەداتە دەقە فقهییە تەقلیدییەکان، ڕێگە خۆش دەکات بۆئەوەی کچانی نۆ ساڵان بەشوو بدرێن. منداڵێک لەو تەمەنەدا جەستە و هۆشی بۆ هاوسەرگیری دروست نەبووە، پێویستی بە یاری، قوتابخانە و ژیانێکی ئارامە؛ بەزۆر خستنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری و سەپاندنی کاری ناومااڵ و سێکس بەسەریدا، تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە کەرامەتی منداڵ و داهاتووی لەناو دەبات.

لەڕووی ئابووریشەوە، یاساکە ژنان دەکاتە بارمتەی دەستی پیاوان. ژن ناچار دەکرێت هەموو تەمەنی بەبێ مووچە و دەستەبەری بە چێشتلێنان، خاوێنکردنەوە و بەخێوکردنی منداڵ ببەخشێت، بەبێئەوەی ماندووبوونەکەی بە هیچ هەژمار بکرێت. هەروەها بژێوی و خەرجیی ژن (نەفەقە) دەبەسترێتەوە بەوەی چەندە گوێڕایەڵی مێردەکەیەتی، و لە کاتی جیابوونەوەشدا لە میراتی خانوو و زەوی بێبەش دەکرێت. ئەمە تووندوتیژییەکی دارایی ئاشکرایە؛ کاتێک ژنێک لە ترسی هەژاری و بێدەرامەتی نەتوانێت لە دەست مااڵێکی تووندوتیژ ڕزگاری بێت، ناچار دەبێت هەموو سووکایەتییەک قبوڵ بکات.

ئەم یاسایە وەک یەک کاریگەری لەسەر هەموو ژنان دانانێت، بەڵکو قوربانیی یەکەم، ژنانی هەژار و چینی کەمدرامەتن. ژنانی دەوڵەمەند بە پارە و پەیوەندییەکانیان دەتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام ژنێکی هەژار ناچارە بۆئەوەی منداڵەکەی لێ نەسەننەوە، دەستبەرداری هەموو مافە دارایەکانی ببێت. دەسەڵاتدارانیش ئەم

⇦

دابەشکاریە مەزهەبییە بەکاردێنن بۆ ئەوەی خەڵک سەرقاڵی شەڕی سوننە و شیعە بێت و داوای مافی کار، خزمەتگوزاری و نەهێشتنی گەندەڵی نەکات.

لەبەرامبەر ئەم زوڵمەدا، شەقام بێدەنگ نەبووە و بەرەیەکی گەورە لە خەڵکی ئازادیخواز، ڕێکخراوەکانی ژنان و چالاکوانان وەستاونەتەوە. خۆپیشاندانەکەی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٦ لە بەغدا، بەڵگەی زیندوویی ئەم بەرە مرۆییە بوو. کاتێک هەزاران دایک و لاوی ئازادیخواز لە گۆڕەپانی فیردەوسەوە بەرەو گۆڕەپانی کەهرەمانە ڕێپێوانیان کرد، دروشمەکانیان داوای کۆتاییهێنان بوو بە تائیفیەت و بەکالاکردنی مرۆڤ. ئەوان پیشانیاندا کە مرۆڤدۆستی دەتوانێت سنووری مەزهەبییەکان بشکێنێت

مەترسییەکی تری یاساکە پەیوەستە بە سەندنەوەی مافی بەخێوکردنی منداڵ لە دایک دوای جیابوونەوە. بەهۆی ئەم بڕیارە دڵڕەقانەیەوە، زۆر لە دایکانی بەغدا و باشوور لە ترسی لەدەستدانی منداڵەکانیان پەنایان بردووەتە بەر هەرێمی کوردستان، چونکە لە دادگاکانی هەرێمدا یاسای ساڵی ١٩٥٩ بە شێوەیەکی مەدەنیتر مافی مانەوەی منداڵ لەلای دایک دەپارێزێت. ئەمەش جۆرێکە لە بەرگریی ناچاریی دایکان لەپێناو پاراستنی ڕۆڵەکانیان.

دیارە ئەم هەمواره تەنیا دەستکاریی چەند بڕگەیەکی یاسا نییە، بەڵکو پیلانێکە بۆ تێکدانی یەکسانی و پاراستنی بەرژەوەندیی نوخبەی دەسەڵاتدار لەسەر حیسابی ژیان و کەرامەتی خەڵک. ڕێگای ڕزگاربوون لەم دۆخەش، بەردەوامبوونی هاوپشتیی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە بڕوایان بە ئازادی و کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر هەیە بۆ هەموان بەبێ جیاوازی بۆ شکستهێنان بەم یاسا مەزهەبییە دژە ژنەیە و فڕیدانیەتی بۆ ناو زبڵدان!

هەڵبژاردە تەنها لە نێوان خراپ و خراپتردا نییە!


بنار مستەفا

"هەرچۆنێک بێت دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان لەوانەی عێراق باشترن" یان "هیچ نەبێت ئێستا لە سەردەمی بەعس باشترە" دەربڕینێکە جاروبار لێرەولەوێ دەبیستریت.

کارەسات و دەردیسەرییەک، کە دەسەڵاتدارانی کوردستان بەسەر خەڵکیدا هێناویانە، و کارنامە و پێگەیەک ئێستا ئەم دەسەڵاتە هەیەتی، هیچ هۆکارێکی بەرگریکردن لێیان نادۆزرێتەوە. بۆیە تەنها بابەتێکی داتاشراو، کە بەجۆرێک توانای هەڵگرتنی بەرگری لە دەسەڵاتدارانی کوردستان هەبێت، بەراوردە بە دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی بەعس، حەشدی شەعبی و دەسەلاتی بێدەربەستی مەزهەبی و قەومی عێراق.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە لە ساڵانی ڕابردوودا تەنانەت لەم بەراوردەشدا هەموو جارێک دەسەڵاتدارانی کوردستان بە "باشترە"کە دەرناچن. زۆر کەس لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەراوردی هەندێ خزمەتگوزاری و کردار دەکەن، کە دەسەڵاتدارانی کوردستان بە بەراورد بە کۆنەپەرستترین و دواکەوتووترین دەسەڵاتەکانیش براوە نابن.

بەڵام پرسیار ئەوەیە، کە بۆچی دەبێت ئەم بەراوردانە بکرێت؟ بۆچی بەراوردی نێوان خراپ و خراپتر بکرێت؟ بۆچی دەبێت چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەنێوان خراپ یان خراپتردا دیاری بکرێت؟ بۆ دەبێت ژیان و گوزەرانی خەڵکی مەحکوم بێت بە هەڵبژاردن لەنێوان دوو خراپدا؟ بۆ دەبێت چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان هێندە بهێنرێتە خوارەوە، کە ناچاربن



دۆخی زۆر خراپی ژیان قەبوڵ بکەن لەبەر ئەوەی لەمەش خراپتر بوونی هەیە و دوور نییە لە دەرگای مالیان بدات.

ئەوانەی ئەم بەراوردە دەکەن یان پەرەی پێ دەدەن و بەجۆرێک دەیکەنە پاساوی مانەوەی دەسەلاتی ئێستای کوردستان، ئاگاهانە یان بێئاگا، ئامانجدارانە یان بێ ئامانج ڕایدەگەیەنن، کە ژیانێکی باشتر بە شایستەی خەڵکی کوردستان نازانن. نایانەوێت خەڵکی کوردستان ئاراستە و چاوەڕوانی لە ژیان بچیتە سەر و تەنها بە ژیانی مەمرەومەژی و بێماف ڕەزامەند بن.

دەسەڵاتداران و لایەنگرانیان، بە بەراوردی لەم چەشنە و نیشاندانی دەسەڵاتی خراپتر "لە دەسەڵاتەکەی خۆمان" دەیانەوێت درێژە بە ژیانی دەسەڵاتی ٣٥ ساڵەیان بدەن. لەهەمانکاتدا خەڵکی وێڕای نیگەرانیان لە دەسەڵات، قەبوڵی بکەن و بە دەسەڵاتی خۆیانی بزانن. کەسانێکیش ڕەنگە دوور لە دەسەڵات و لە نەدیتنی ئەلتەرناتیڤی تر، ڕەنگە هەمان بۆچوونیان هەبێت.

لە ڕاستیدا نە پێویستە و نە بەهانەیەک هەیە، کە ئەلتەرناتیڤەکان تەنها لە نێوان خراپ و خراپتردا بن. دەکرێت تەواوی خراپەکان وەلا بنرێن و ژیانێکی باش و خۆشگوزەران بکرێتە ئامانج. خەڵکی

کوردستان وەک دانیشتوانی هەر جێگەیەکی تری جیهان مافیانە بەهرەمەندبن لە ژیانێکی شایستە بە مرۆڤ، لە بوونی خزمەتگوزاری، لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، لە ئازادی و ئارامی. هیچ پاساوێک نییە، بەوەی ناچاربن لە نێوان دوو خراپدا یەکێکیان چارەنووسیان بێت. بە پێچەوانەوە، دروستتر ئەوەیە هەڵبژاردە لە نێوان و باش و باشتردا بێت.

لایەنێکی تری ئەم بەراوردە لە لایەن دەسەڵات و داروودەستەکەی نزیکیان ئەوەیە، کە خەڵکی پەراوێز بخەن لە دەور و نەخشیان لە بنیاتنانی دەسەڵاتی سیاسیدا. دەیانەوێت بە خەڵکی بڵێن، کە چارەنووسی ئێوە تەنها چەند لایەنێک دیاری دەکات، یان ئێمە یان لایەنی تر کە لەئێمە زۆر خراپترن، بۆیە باشترە لەگەڵ ئێمە بن.

ئەم بابەتە لەو ڕوانگەیەوە گرنگە، کە تێڕوانین و چاوەڕوانی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە هەڵسوکەوت و مامەڵەی ڕۆژانەوە. لەوانەش گرنگتر بە خەبات و ئامرازەکانیەوە. ئەگەر مرۆڤ لەو باوەڕەدابێت، کە تەنها لەنیوان دوو خراپدا بە کەمتر خراپەکە ڕازی بێت، هیچ کات چاوەڕوانی ناچێتە ئەو ئاستەی لەپێناو ژیانێکی باشتردا خەبات بکات. بەڵام کاتێک مرۆڤ پەی بە مافەکانی خۆی دەبات و درک بە دەرفەتی بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر دەکات، ئەوکات ڕێگای دروست و کارساز پەیدا دەکات بۆ خەبات و تێکۆشان لەپێناویدا. ئەمەی دووەمیان خاڵی گرنگ و چارەنووسسازە لە پێناو بەدیهاتنی ژیان و گوزەرانێکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان.

ڕێگەی دروست و گونجاو ئەوەیە، کە جەماوەری خەڵکی ئاسۆ و چاوەڕوانی لە تەواوی ئەم ئەحزاب و دەسەڵاتانە جودا بکاتەوە، کە دەیانەوێت بە نیشاندانی خراپی لایەنی بەرانبەر، ئومێدێک بە خۆیان دروست بکەن. خەڵکی لە دەرەوەی ئەم هێزانە و لە بری هەڵبژاردنی "کەمتر خراپ"، خۆی دەتوانێت ببێتە هێزێکی کاریگەری یەکلاکەرەوە، کە ژیانێکی باش و خۆشگوزەران دەکاتە ئامانجی خەباتی.

★

ئاسۆیەک لە ناڕەزایەتیەکانی فەرەنسادا

عوسمانی حاجی مارف

سااڵانێکە فەرەنسا تووشی قەیرانی ئابووری و کۆمەاڵیەتی یەک لە دوا یەک دەبێتەوە، بەهۆی پەتای کۆڤید-١٩ و کشانەوەی هێزەکانی لە مالی، بورکینا فاسو و نیجەر.. لە ئەفریقا، هەروەها کاریگەری شەڕی ڕووسیا لە ئۆکرانیا، پاشان هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆسەر ئێران، کە بونەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی وزە و هەاڵوسانی ئابووری، ئەوانە هەموی بونەتە هۆی ڕوبەڕوبونەوەی قەیرانێک، کە تەواو بەسەر گوزەرانی دانیشتوانەکەیدا شکاوەتەوە.

لەنێوان ٥ و ٩ی ئۆکتۆبەری ٦٢٢٠دا، فەرەنسا شەپۆلێکی ناڕەزایەتی خوێندکارانی بەخۆیەوە بینی، بەهۆی تێکچوونی دۆخی پەروەردەی گشتی و کەمبوونەوەی بودجە بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان، ناڕەزایەتیەکان لە ٦ی تشرینی یەکەمدا گەیشتە لوتکە و بەپێی خەمڵاندنەکانی وەزارەتی ناوخۆ زیاتر لە دووسەد هەزار خۆپیشاندەر بەشداربون.

ئاستی ناڕەزایەتیەکان، داواکاریە دەستبەجێکانی تێپەڕاند، کە خوێندکاران بۆیان ڕژاونەتە سەر شەقامەکان، دەرگای پرسیاری فراوانتری کردۆتەوە، سەبارەت بە سیاسەتە ئابووری و کۆمەاڵیەتیەکانی دەوڵەت و شوێنی گەنجان، لە کۆمەڵگا و توانای دەوڵەت بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەرامبەر بە نەوەیەک کە ڕووبەڕووی داهاتوویەکی نادیار بۆتەوە. بەتایبەتی کە سیستەمی قوتابخانەی گشتی لە فەرەنسا، پەیوەست بوو بە بنەمای دەرفەتی "پەروەردەیی یەکسان، بۆ هەموان و ئەگەری باشترکردنی پێگەی کۆمەاڵیەتی مرۆڤ لە ڕێگەی پەروەردەوە"، ئاشکرایە کەدەوڵەت لە جێگیربونی ئەم قەیرانەدا دەیەوێت پاشەکەشە لەو سیستمە بکات و خەرجیەکانی کەمکاتەوە.

داواکاریەکانی خوێندکاران کێشەیەکی قوواڵ لە کەرتی پەروەردەی فەرەنسادا ئاشکرا دەکات، ئەویش کەمی بەردەوامی ستافی وانەبێژ و دابین نەکردنی پێداویستیەکانی خوێندکارانە، کە بۆتە هۆی زیادبوونی فشار لەسەر دامەزراوە پەروەردەییەکان و فەرامۆشکردنی وەاڵمدانەوە بۆ دابینکردنی ئاستێکی گونجاو لە خوێندن، بەمەش نایەکسانی لە دەرفەتی خوێندن لە نێوان خوێندکاراندا مامەڵەدەکات.

کاریگەریەکانی ئەم ئاست دابەزینەی، پێداویستیەکان زیاتر لە گەڕەکەکانی دەرەوەی شار و گەڕەکەکانی نیشتەجێی کرێکارەکاندا بەرچاو دەکەون، کە زۆرێک لە قوتابخانەکان بەدەست کەمی سەرچاوە و کەرەستەی پێویستەوە دەناڵێنن.

دابەزینی ئاستی پەروەردە، لە فەرەنسا هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی ڕێکخراوی OECD* پرسیاری جددی لەبارەی ئاستی پەروەردە لە لایەک و فراوانبوونی جیاوازیە ئابووری و کۆمەاڵیەتیەکانی نێوان سەرمایەداران و خەڵکی کەمدەرامەت دەورووژێنێت، لە کاتێکدا خێزانە دەوڵەمەندەکان دەتوانن پەروەردەیەکی باشتر بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن، خێزانە کەم داهاتەکان بەردەوامن لە پشتبەستن بە سیستەمی پەروەردەی گشتی کە ستانداردەکانی لە دابەزیندایە، ئەمەش لە بەرامبەردا کاریگەری لەسەر دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی باڵا و هەلی کار لەلایەن منداڵەکانیانەوە هەیە، بەم شێوەیە قوتابخانە کە بڕیارە دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان وەک یەک

دابین بکات، ئێستا OECD خەریکەدەبێتە دامەزراوەیەک، کە نایەکسانیەکان پیادە دەکات.

ئەو پرسانەی لەم ناڕەزایەتیانەدا وروژێنراون، تەنیا لە داواکاریە پەروەردەییەکان و کاروباری ناوخۆیدا سنووردار نەبوون، بەڵکو دریژبونەتەوە بۆ دەست لێدان لە پرسەکانی دادپەروەری لە چوارچێوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا، دەرکەوتنی ئالای فەلەستین و ئالای سور لە هەندێک کۆبوونەوەدا، شانبەشانی دروشمەکانی پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا، دژی شەڕەکان و ململانێ نێودەوڵەتیەکان، ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی هەستکردن بە بەهاکان و ویست و ئارەزو لە نێوان بەشێک لە گەنجانی فەرەنسا بۆ ئەو پرسانەی کە سنووری قوتابخانە و دەوڵەت تێدەپەڕێنن. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم گەنجانە دەست دەکەن بە سەیرکردنی کێشەی ڕۆژانەیان، وەک بەشێک لە واقیعێکی جیهانی کە تێیدا قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و سیاسیەکان پێکدەهێنن، کە کاردانەوە و کاریگەریان لەسەر ژیان و داهاتوویان هەیە.

گرنگی ناڕەزایەتیەکانی ئێستا تەنیا بەو داواکاریانە سنووردار نییە، کە وروژاندوویانە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاشکرای دەکەن، سەبارەت بە گۆڕانکاریە ئەگەریەکان لە سروشتی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و پانتایی فۆرمەکانیان لە دەربڕیندا.

بەشداریکردن لە ناڕەزایەتیەکان، چیتر تەنها بە خوێندکارانەوە سنووردار نییە، کە زۆرترین کاریگەریان لەسەرە، بەهۆی کەمی سەرچاوەکان و تێکچوونی بارودۆخی خوێندنەوە فراوانتر بووە، بۆ ئەوەی هاوەنگی خوێندکارانی زانکۆ تایبەتەکان ڕابکێشێت، ئەو هۆکارانەش کە گەنجان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین ڕادەکێشیت زۆرن، لە سەختی ئابووری و پشتگوێخستنی دەوڵەت لە پەروەردەی گشتی تا پرسەکانی دادپەروەری و ناسنامە و مانا لە ژیانیاندا، لە کاتێکدا ئەم هەمەچەشنەییە مەرج نیە بە مانای داواکاری یەکگرتوو یان پاڵنەرە هاوبەشەکان بێت، بەڵام ئاماژەیە بۆ فراوانبوونی بازنەیەکی ناڕەزایی، کە ئەو گروپانەش دەگرێتەوە کە بە هەمان ڕادە بەدەست دابەزینی کوالیتی پەروەردەییەوە ناناڵێنن. درێژەدان بەم ڕەوتە دەتوانێ ڕێگە خۆش بکات بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە لە داواکردنی باشترکردنی پەروەردەوە بگۆڕێت بۆ پرسیارکردنێکی فراوانتر لە سیاسەتە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی حکومەت و سروشتی پەیوەندی نێوان گەنجان و دەسەڵاتی سیاسی.

بڵاوبوونەوە و بەربڵاوی خۆپیشاندانەکان، یارمەتیدەر بوو لە داڕشتنی تێڕوانینی گشتی بۆ ناڕەزایەتیەکان و فراوانکردنی بازنەی هاوسۆزی و هاوەنگی لەگەڵ خوێندکاران، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی ڕۆڵی میدیایە بۆ دەوری لە سەر ڕەوتی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیەکان و تێپەڕین لە خۆپیشاندنەکانەوە بۆ کاریگەریان لەسەر گوتاری سیاسی و میدیایی.

بەپێی ئاماژە ڕاپۆرتکراوەکان، شەپۆلی دەستگیرکردنەکان کە زیاتر لە شەش هەزار کەسی لەخۆگرتبوو، مشتومڕێکی بەرفراوانی بەدوای خۆیدا هێنا، هەرچەندە زۆربەیان دوای ماوەیەکی کەم ئازادکران... لە هەر حاڵەتێکدا ناتوانرێت ژمارەی دەستگیرکردنەکان بە ئاماژەیەکی تەواو بۆ سەرکەوتنی دەسەڵات لە کۆنترۆڵکردنی بزووتنەوەکەدا هەژمار بکرێت، لە کاتێکدا ڕەنگە تونداکردنەوەی ڕێوشوێنە ئەمنیەکان بۆ ماوەیەکی کاتی بەشداریکردن کەم بکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە دەتوانێت هەستی نادادپەروەری قوواڵتر بکاتەوە و بازنەی هاوەنگی لەگەڵ خۆپیشاندەران فراوانتر بکات، بەمەش هێزی زیاتر بە ناڕەزایەتیەکان دەدات بۆ بەربڵاوی و بەردەوامبون.

ئەگەری تەشەنەکردنی بزووتنەوەکە بۆ کەرتە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکانی دیکە هەیە، بە بەشداری فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتە جیاوازەکان، پەرستاران و خوێندکاران بەگشتی، کە تاقیکردنەوەیەکی گرنگ بۆ توانای خۆپیشاندەران و فراوانکردنی بنکەکەیان پێکدەهێنێت، سەرکەوتنی ئەم فراوانبونە، نەک تەنها بە ژمارەی بەشداربووانە بەڵکو بەند دەبێت بە توانای ئەوان بۆ خۆڕێکخستن و ڕێکەوتن لەسەر داخوازیە ڕوونەکان و پاراستنی سەربەخۆیی بزوتنەوەکە و دوورکەوتنەوە لە گۆڕانی بۆ درێژکردنەوەی ململانێی حزبی و هەڵبژاردن.

ئەوەی شایانی باسە، دیمان هەر لە سەرەتاوە و بە زویی خۆپیشاندانەکان تەشەنەیان سەند بۆ دەرەوەی فەرەنسا، لە ئیسپانیا، بولغاریا، ئیتالیا، ئەلبانیا و بەلجیکا و برۆکسل.... ئەگەرچی بە پلەی جیاواز ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی دڵەڕاوکێ و تێڕوانینی بێئومێدی گەنجانە بە دەسەڵاتەکان، بەڵام ڕەوتی گەشەی ئەم بزووتنەوەیە لە دۆخی ئابوری و سیاسی ئێستای جیهاندا، دەتوانێت لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا و تەنانەت لە دەرەوەی یەکێتی ئەوروپاشدا دەنگ بدەنەوە، ئەگەر کێشە بنەڕەتیەکانی سووتەمەنی و دابین نەکردنی پێداویستیەکان بەبێ وەڵامێکی سیاسی باوەڕپێکراو بەردەوام بێت.

دیارترین نیشاندەرەکانی ئەم ناڕەزایەتیانە بەردەوامبونی خۆپیشاندانەکان و مانگرتنەکان و داخستنی بەشێک لە دامەزراوە پەروەردەییەکان و دووبارە پێکدادان لەگەڵ هێزە ئەمنیەکان لە شوێنە جیاجیاکان، ڕەنگە ئەم دۆخە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوامی پێبدات، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی گۆڕانکاری سیاسی بەرجەستە، بەڵام قەیرانی پەروەردە و مامەڵەکردنی دەسەڵات لەگەڵ ناڕەزایەتیەکان لە پێشەنگی مشتومڕی گشتیدا دەهێڵێتەوە. هەروەها لە ئەگەری بەردەوامی و درێژەدان و فراوانبونەوەی زیاتری ناڕەزایەتیەکان، گریمانە دەکرێت کە بزوتنەوەکە فراوانتر دەبێت و دەگۆڕێت بۆ قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوانتر. لە هەمانکاتدا ئەگەر هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیکەش

لە یادی حەوتەمین ساڵی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر
داواکارییەکانی جەماوەری ڕاپەڕیو بەسەرنەچوون و شەڕی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی هەرگیز ناوەستێت!

حەوتەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی تشرین-ئۆکتۆبەر، ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریە گەورەیەی کە بناغەی دەسەڵاتی تایفی و تەنانەت هەموو سیستەمی سیاسی عێراقی هەژاند، دەکەینەوە. لەو ڕاپەڕینەدا سەدان هەزار گەنج و کرێکار و زەحمەتکێش و جەماوەری بێبەش هاتنە دەرەوە و داوای کار و ژیانی شایستە و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتییان دەکرد، هەروەها داوای کۆتاییهێنان بە سیستەمی پشکپشکێنەی نەتەوەیی و تایفی و دەسەڵاتی تایفی، و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سێکولاریان دەکرد کە دین لە دەوڵەت جیا بکاتەوە، و ماف و ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ هەموو هاووڵاتیان دابین بکات، بەبێ هەر جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزی یان نەتەوەیی یان دینی یان مەزهەبی.

جەماوەری عێراق لەم ڕاپەڕینەدا قوربانیەکی زۆری داوە. نزیکەی ٨٠٠ گەنج بە فیشەکی میلیشیاکان و هێزە ئەمنییەکان کوژران، و هەزاران کەسی دیکە بریندار بوون، تەنها لەبەرئەوەی داوای کۆمەڵێک مافی سەرەتاییان دەکرد: وەک دەرفەتی کار کە ژیانێکی شایستەیان بۆ دابین بکات، و سیستەمێکی دڵنیایی کۆمەڵایەتی کە بێکاران بپارێزێت، و هەروەها خوازیاری داهاتوویەک بوون کە حیزبەکانی ئیسلامی سیاسی و هێزە نەتەوەیی و تایفییەکان و بەرژەوەندی و کاریان کە تەنها بریتیە لە دزی و تاڵانی، بەسەریاندا بالادەست نەبن. ئەم گەنجانە چەکیان لەدژی دەسەڵات و بۆ دەستکەوت و ئیمتیازات بەرزنەکردەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئاشتیانە چوونە سەر شەقام و گۆڕەپانەکان و داوای ژیانێکی ئازاد و شکۆمەند و کۆمەڵگەیەکیان دەکرد کە مرۆڤ تێیدا بەهۆی ئینتمای نەتەوەیی یان دینی یان مەزهەبی لە مافەکانی بێبەش نەکرێت.

دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ، هێشتا ئەو داواکارییانەی کە هۆکاری ڕاپەڕینەکە بوون لەجێگای خۆیاندا ماونەتەوە، لە کاتێکدا ئازار و ناڕەحەتیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و گەنجانی بێکار بەردەوامە، چونکە دەسەڵات وەڵامی بە هیچکام لەو داواکاریانە نەداوەتەوە کە جەماوەری بێبەش بۆی هاتنە مەیدان، و هەروەکو چۆن دەستبەرداری سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نەبووە کە ملیۆنان کەس بەرەو هەژاری و بێکاری و نەبوونی ئاسایشی ژیان دەبات. بەڵکو ئەم هێرشەی دوایی حکوومەت بۆسەر ئاستی ژیانی جەماوەری عێراق، لە ڕێگەی کەمکردنەوەی نرخی دینار کە بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و تێچووی ژیانی لێکەوتووە، دووبارە سروشتی چینایەتی ئەم دەسەڵاتە و ئامادەیی بۆ سەپاندنی بارگرانی قەیران و سیاسەتە ئابووریەکانی بەسەر شانی کرێکاران و کارمەندان و خانەنشینان و چینە هەژارەکاندا ئاشکرا دەکات.

حکوومەتێک کە دەستەوەستانە بەرامبەر بە دابینکردنی دەرفەتی کار و خزمەتگوزاری گشتی و دڵنیایی کۆمەڵایەتی، باکی بەوە نیە کە کۆمەڵێک بڕیار دەربکات کە ئازارەکانی خەڵک زیاد دەکات و توانای ئەوان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان کەم دەکاتەوە. لەکاتێکدا داوا لە کرێکاران و زەحمەتکێشان دەکرێت پشتێنەکانیان ببەستن و قورسایی ئاکامەکانی ئەم سیاسەتانە هەڵبگرن، سیستەمی گەندەڵی و ئیمتیازات و پشکپشکێنە بەردەوامە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هێزە دەسەڵاتدارەکان. ئەمەش ڕووخساری ئابووری و کۆمەڵایەتی هەمان سیستەمی سیاسییە کە بە فیشەک و کوشتن و سەرکوتکردن بەرەنگاری ڕاپەڕینی تشرین-ئۆکتۆبەر بووەوە.

ئێمە، لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، جەخت لەوە دەکەینەوە کە داواکارییەکانی ڕاپەڕینی تشرین

⇦

⇨ بچنە ناو بزووتنەوەکە، لەوانە گروپە چەپ و ڕادیکال و کۆمۆنستەکان کە پشتیوانیان بۆ ناڕەزایەتیەکانی ئێستا دەربڕیوە، گرنگی ناڕەزایەتی خوێندکاران لە فەرەنسا نەک تەنیا لە ژمارەی بەشداربووان نییە، بەڵکو لە توانایانداەبێت کە کاریگەریان لەسەر گۆرانکاری جدی و پاشەکشەی گەورە بە بەرەی ڕاستی بۆرجوازی بکات، ئایندەی پەروەردەی گشتی بەقازانجی خوێندکاران دەوروژێنن، هەروەها پەیوەندی نەوەیەکی نوێ بە ئاسۆیەکی بالاوە لەبەرامبەر دەوڵەتدا بەرزدەکاتەوە.

---

*(OECD) "ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ئابووری" کە ٣٨ وڵات ئەندامیەتی لە سەرانسەری جیهاندا، لەوانە وڵاتانی خاوەن ئابووری پێشکەوتو لە (ئەوروپا، ئەمریکای باکوور و باشوور، و ئاسیا و زەریای هێمن) پێکدێت، لە ساڵی ١٩٦٣ دامەزراوە.

-ئۆکتۆبەر ڕەوایەتی خۆیان لەدەست نەداوە، و خوێنی قوربانییەکانی نابێت ببێتە تەنها یادی ساڵانە یان بۆنەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی دروشم. دڵسۆزی بۆ ئەو ڕاپەڕینە پێویستی بە بەردەوامبوونی تێکۆشان هەیە بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەکانی، و بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیاسەتانەی کە هەژاری و بێکاری و نایەکسانی قوڵتر دەکەنەوە، بۆ وەستانەوە دژی هەموو جۆرە سەرکوت و تەنگەبەرکردنەوەیەکی ئازادی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان و ڕێکخستن.

لەسەر ئەم بنەمایەش، جەخت لەسەر ئەم داواکارییانە دەکەینەوە:.

١/ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکارانەی کە توانای کڕینی جەماوەر کەم دەکەنەوە، و بەرەنگاربوونەوەی بەرزبوونەوەی نرخ و تێچووی ژیان، و ئەنجامدانی ڕێکاری کردەیی بۆ پاراستنی داهاتی کرێکاران و کارمەندان و خانەنشینان و چینە کەمدەرامەتەکان.

٢/ دابینکردنی دەرفەتی کاری ڕاستەقینە بۆ گەنجان و بێکاران، و کۆتاییهێنان بە بێکاری و هەژاری و نەبوونی ئاسایشی ئابووری، و دڵنیابوون لە مافی هەموو مرۆڤێک بۆ کار و ژیانی شایستە.

٣/ پەسەندکردنی دڵنیایی کۆمەڵایەتی گشتگیر بۆ بێکاران، و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ ئەوانەی ناتوانن کار بەدەستبهێنن، و فراوانکردنی چەتری پاراستنی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەک کە مافە بنەڕەتیەکان بۆ هەموان دابین بکات.

٤/ دابینکردنی کرێ و مووچە و خانەنشینی شیاو، و پاراستنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کرێکاران و کارمەندان و خانەنشینان، و ڕەتکردنەوەی سەپاندنی بارگرانی قەیرانە ئابووریەکان و سیاسەتە شکستخواردووەکانی حکوومەت بەسەریاندا.

٥/ لێپرسینەوە لە بەرپرسانی کوشتن و بریندارکردن و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران، و ئاشکراکردنی هەموو ئەوانەی تێوەگلاون لە تاوانی کوشتنی خۆپیشاندەرانی تشرین-ئۆکتۆبەر، و کۆتاییهێنان بە دەربازبوونیان لە سزا، و دڵنیابوون لە مافی خێزانەکانی قوربانییەکان بۆ زانینی ڕاستی و بەدەستهێنانی دادپەروەری.

٦/ دابینکردنی خوێندنی خۆڕایی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن، و دەستبەرکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ بەدەستهێنانی خوێندنی باش بۆ هەموو هاووڵاتییان، بەبێ گوێدانە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیان.

٧/ دابینکردنی مافی نیشتەجێبوون و دابینکردنی کرێی گونجاو.

٨/ دابینکردنی چاودێری تەندروستی و دەرمانی خۆڕایی.

٩/ دان نان بەشێوەی ڕەسمی بە بەهاو بایەخی کاری چاودێری کە ژنان ئەنجامی دەدەن.

١٠/ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی تایفی و سیستەمی بەشبەشێنەی نەتەوەیی و تایفی کە شەرعیەت دەدات بەو دەسەڵاتەو پشتی پێ دەبەستێت، و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سێکولار کە دین لە دەوڵەت جیا بکاتەوە، و ئازادی و یەکسانی و مافە فەردی و کۆمەڵایەتیەکان دابین بکات، و مافی مرۆڤ بۆ هەڵبژاردنی شێوازی ژیان و باوەڕەکانی بپارێزێت بەبێ دەستێوەردانی دەوڵەت یان هێزە دینی و ناسیۆنالیستەکان.

١١/ دەستبەرکردنی ئازادی خۆپیشاندان و ڕێکخستن و مانگرتن و ڕادەربڕین، و ڕێزگرتن لە مافی کرێکاران و جەماوەر بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان، و بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکان بۆ ملکەچکردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و سەندیکایی و بێدەنگکردنی دەنگەکانی ناڕازی.

ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر ڕووداوێکی کاتی نەبوو لە مێژووی نوێی عێراقدا، بەڵکو دەربڕینێک بوو لە ملمڵانێیەکی قوڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێوان جەماوەرێک کە بەدوای ژیانێکی ئازاد و شایستەدا دەگەڕێت، و سیستەمێکی فەرمانڕەوا کە بەرگری لە بەرژەوەندی و ئیمتیازاتەکانی خۆی دەکات لەسەر حسابی کۆمەڵگە. ساڵانی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە گۆڕینی ڕووخسارەکان لە دەسەڵاتدا، بەبێ دەستکاریکردنی بنەماکانی سیستەمی سیاسی و ئابووری ئێستا، ناتوانێت ئارەزووەکانی جەماوەر بەدیبهێنێت.

بەدەستهێنانی داواکارییەکانی تشرین-ئۆکتۆبەر لەڕێگای پشتبەستن بە بەڵێنەکانی هێزە فەرمانڕەواکانەوە نایەتەدی، بەڵکو بە ڕێکخستنی تێکۆشانی کرێکاران و گەنجان و بێکاران و ژنان و هەموو تۆڕە زیانلێکەوتووەکان، و یەکگرتووکردنی ڕیزەکانیان لە بزووتنەوەیەکی گەورەی سەربەخۆدا، کە داواکارییەکانیان بسەپێنێت و مافەکانیان لە دەسەڵات وەربگرێتەوە.

لە یادی حەوتەمین ساڵی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەردا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پەیمانی خۆی نوێ دەکاتەوە بۆ بەردەوامبوون لە تێکۆشان بۆ ئامانجانەی کە جەماوەر بۆ بەدەستهێنانیان هاتنە سەر شەقام و گۆڕەپانەکان، و بانگهێشتی هەموو ڕێکخراوە کرێکارییەکان و هێزە ڕزگاریخوازەکان و جەماوەری تینووی ئازادی و یەکسانی دەکات بۆ زیندووکردنەوەی یادی ڕاپەڕینی تشرین-ئۆکتۆبەر. ئەو خوێنەی ڕژاوە بانگەوازمان دەکات کە نەهێڵین قوربانییەکانیان ببێتە لاپەڕەیەکی لەبیرکراو، و لە تێکۆشانی ڕۆژانەماندا دژی بێکاری و هەژاری و گرانی و سەرکوت و جیاکاری داواکارییەکانیان بە زیندووی بهێڵینەوە.

شکۆ بۆ ئەوانەی ژیانیان لە ڕاپەڕینی تشرین-ئۆکتۆبەردا کردە قوربانی!

ئازادی بۆ ئەو زیندانییانەی بەهۆی تێکۆشان و ناڕەزایەوە زیندانی کراون!

بژی ڕاپەڕینی تشرین-ئۆکتۆبەر، و بژی تێکۆشانی کرێکاران و جەماوەر بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و سێکولار و یەکسان و خۆشگوزەران!

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

٢٠٢٥-١٠-٢٢

چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد جەواد کازم، ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کارگەران لە عێراق(الاتحاد العام لنقابات العاملين في العراق)، دەربارەی ناڕەزاییەکانی بەغدا دژی خراپی بارودۆخی ژیان!



ئۆکتۆبەر: لە ماوەی ڕابردوودا شاری بەغدا و بەسرە کۆمەڵێك خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی بەخۆوە بینی دژی بارودۆخی خراپی ئابوری و بێکاری و کەمکردنەوەی نرخی دینار بەرامبەر بە دۆلار کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی بژێوی کرێکاران و تۆڕەی کەمدەرامەتەکانی کۆمەڵگای عێراق هەیە. بۆنمونە خۆپیشاندانی دەرچوانی دانەمەزراوی زانکۆو پەیمانگاکان بۆ خواستی دامەزراندن و دەستکەوتی دەرفەتی کار لە بەغدا، خۆپیشاندان دژی زیادکردنی نرخی دۆلار بەرامبەر بە دینار لە بەغداو خۆپیشاندانی خوێندکارانی کۆلیژی پزیشکی زانکۆی بەسرە دژی خراپی خزمەتگوزاریەکانی ناو زانکۆ و.....تد. بەبڕوای ئێوە بۆچی لەم کاتەدا ئەم شەپۆلە لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەستی پێکردوە؟ خواستەکان و ئامانجەکان چین؟ ئایا ئەم خۆپیشاندانانە عەفەوین یاخود تا ڕادەیەك جۆرێك لە ڕێکخستن و کاری پێکەوەیی هەیە لەناو خۆپیشاندەران و ڕابەراندایاندا؟ ئێوە تا چ ڕادەیەك لەو ناڕەزایەتیانەدا دەورتان هەیە وەکو سەندیکاکەتان؟

محەمەد جەواد: ئەو جموجۆڵە ناڕەزاییەتیانەی کە لەم دواییانەدا عێراق بەخۆیەوە بینی، و بە شێوەیەکی سەرەکی لە کەرتی دەرچووان و کەرتی کرێکاراندا چڕبوونەوە، بەڵگەن لەسەر نەبوونی دیدگایەکی ئابووریی دروست لای حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، کە بووە هۆی دروستبوونی قەیرانی گەورە و تووند بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و دەرچووانی بێکار، کە گەیشتە زیاتر لە ٤٠٪، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بێکاران دوای تەواوکردنی خوێندنی هەزاران دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان لە کچ و کوڕ، بەهۆی ڕاگرتنی دامەزراندن و جێنەکردنەوەی لە بودجەی گشتیدا و بێتوانایی کەرتی تایبەت بۆ جێگیرکردنی ئەم ژمارە زۆرە لە دەرچووان بەهۆی نەبوونی پلاندانانی ڕوون و نەبوونی بەرنامەی ڕاستەقینە لەلایەن وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بۆ دروستکردنی دەرفەتی کاری نوێ. هەروەها لە گۆڕەپانی کاردا ناڕەزایی گەورە ڕوویدا بەهۆی لاوازی مووچە و کەمی کرێ و نەبوونی ژینگەیەکی کاری گونجاو کە لەبەرژەوەندی کرێکاری سادە بێت.

ئۆکتۆبەر: بەرزکردەوەی نرخی دۆلار بەرامبەر بە دینار بۆ پڕکردنەوەی کەموکوری بودجە بوو لەلایەن عەلی زەیدیەوە، کە قورسایی کێشەکەی خستە سەر سانی خەڵکی ئاسایی. لەکاتێکدا لەسەرەتای هاتنەسەر دەسەڵاتیەوە ڕایگەیاند کە شەڕێکی جدی دژی گەندەڵکاران بەڕێدەخات و لەوڕێگایەوە پارەیەکی زۆر بۆ بودجی حکومەت دەگێڕیتەوە. بەڵام ئەم هاتوهاوارە تەنها ماوەیەکی کەم بوو وە تەنها چەند گەندەڵکارێکی بجووکی گرتەوەو سەرانی گەورەی گەندەڵی دەستیان بۆ نەبراو بگرە ڕۆژانە زەیدی لەگەڵ ئەواندا کۆدەبێتەوە بۆ بەڕێکردنی کاوبارەکانی حکومەتەکەی..سەرەتا وەهمێك دروست بوو کە زەیدی لە بەرژەوەندی خەڵك کاردەکات، بەتایبەتی کە خەڵکی عێراق زۆر تووڕەن لە دزی و تاڵانی دەسەڵاتدارانی گەندەڵکار، ئایا ئێوە ئەم دۆخە چۆن دەبینین؟ چۆن دەکرێ ئەو فشارە لەسەر خەڵك لاببرێ و لەجیاتی ئەوە پارەی تاڵانکراوی خەڵکی عێراق بۆ خۆیان بگەڕێتەوە؟

محەمەد جەواد: زیادکردنی نرخی ئاڵوگۆڕی دۆلار بەرامبەر بە دیناری عێراقی بووە هۆی قەیرانی زۆر

⇦

و لەدوای یەك بۆ تاکی عێراقی، بەتایبەتی دوای بەرزبوونەوەی نرخی خزمەتگوزاریەکان و بەرزبوونەوەی نرخی کالاکان لە بازارەکاندا و کەمی کرێ و مووچە بەهۆی سیاسەتە شڵەژاوەکانی حکومەتەوە کە تا ئێستا بەڵێنەکانی بەجێ نەگەیاندووە و بەرنامەی حکومەتی خۆی کە بەڵێنی بە خەڵك دابوو جێبەجێ نەکردووە. هەروەها چارەسەری پەتای گەندەڵیی کارگێڕی و دارایی نەکردووە کە ڕۆژانە خەڵکی عێراق دووچاری دەبن، و ڕێکارەکان زۆر لاوازن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا و نەگەیشتوونەتە نەهەنگە گەورەکان یان سەرکردەکانی گەندەڵی، ئەمەش نیشان دەدات کە حکومەتی ئێستا جدی نییە لە گرتنەبەری ڕێکارە پێویستەکان کە گەندەڵی و تالانیی داهاتی گشتی کەم بکەنەوە.

ئۆکتۆبەر: لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە عێراق داهاتێکی زۆری هەبووە، بەڵام تەنها بەپێی هەندێ ئیعترافی بەشێك لە بەرپرسانی حکومەت، ملیارەها دۆلار بە تالان براوەو بۆ پڕۆژەی وەهمی خەرجکراوە، باس لەوە دەکرێ کە نزیکەی ٢ تریلیۆن دۆلار لە داهاتی گشتی بەتالان برابێت. ئەوە لەکاتێکدا کە خزمەتگوزاریەکان لە کەمترین ئاستی خۆیاندان و ڕێژەی هەژاری لە شارەکانی عێراقدا بەپێی ڕاپۆرتی خودی حکومەت بێجگە لە هەرێم، لەنیوان ٢٠٪ بۆ زیاتر لە ٤٠٪ ە؟ ئێوە لەوبارەوە چ سەرنج و پێشنیارێکتان هەیەو بەبراوی ئێوە چی بکرێ بۆئەوەی ئەم تالانکاریە کۆتایی پێ بێت و خەڵکی کەمدەرامەتی عێراق بتوانن وەکو مرۆڤ بژین. ولاتێك لەسەر دەریایە نەوتە بەڵام ڕێژەی هەژاری بەو ڕادە ترسناکەیە؟

محەمەد جەواد: ڕێکاری گرنگ و کرداریی هەن کە یارمەتی کەمکردنەوەی گەندەڵی و تالانی پارەی گشتی دەدەن، لەوانە کەمکردنەوەی ئەو مووچە و ئیمتیازاتانەی کە بە ئەندامانی پەرلەمان و حکومەت دەدرێن، کە بە ڕێژەیەکی زۆر گەورە خەزێنەی حکومەت بەهۆی پێدانی ئەم ئیمتیازاتانەوە بەتاڵ دەکرێنەوە. هەروەها کەمکردنەوەی پڕۆژە خەیاڵییەکان و چڕکردنەوەی چاودێری بەسەر هەموو پڕۆژەکاندا و هەڵسەنگاندنیان و حسابکردنی ڕێژەی تەواوبوون و لێپرسینەوە و سزادانی کۆمپانیا یان لایەنە کەمتەرخەمەکان. هەروەها ولات دەتوانێت لە ڕووی ئابووریەوە گەشەبکات بە هاندانی کەرتی تایبەت و پڕۆژە بچووك و مامناوەندەکان و دانی قەرزی ئاسان (واتە قەرزێك کە ڕێژەی سودەکەی کەم و ڕەمزی بێت) و دانانی یاسایەکی دادپەروەرانە بۆ کرێ و مووچە لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا کە یارمەتی بوژاندنەوەی سوڕانەوەی ئابووری و زیادکردنی داهاتی مانگانەی تاك و خێزانی عێراقی دەدات. هەموو ئەم شتانە دەتوانن دەوریان هەبێت لە باشترکردنی بارودۆخی ژیان و دارایی کارمەند و کرێکاری سادە.

ئۆکتۆبەر: ئەگەر شتێکی تر هەبێت کە لە پرسیارەکانماندا نەهاتووە و پێتان وایە گرنگە خوێنەرانی ئۆکتۆبەر بیزانن، چییە؟

محەمەد جەواد: سوپاس و پێزانینی زۆر لە یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کارگەرانی عێراق بۆ ڕۆژنامەی ئۆکتۆبەر بەهۆی هەڵوێستە پشتگیریەکانی بۆ کێشەکانی کرێکاران لە هەموو کەرتەکاندا، و هیوای بەردەوامبوون و گەشەسەندن بۆ ڕۆژنامەکە دەخوازین.

★

چەند بەش لە بڕگەی یاسای کار لە بەرنامەی حزب(بەرنامەی دینایەکی باشتر) وەرگیراوە

١/ بیمەی بێکاری تێروتەسەل بۆ هەموو کەسانی ئامادە بەکاری سەرووی ١٦ ساڵ لەسەر بناغەی دوا کرێی وەرگیراو. دانی بیمەی بێکاری تێروتەسەل و باقی دەرماڵە پێویستەکان بەهەموو ئەو کەسانەی کە لەبەر هۆکاری جەستەیی یان دەروونی توانای کارکردنیان نییە.

٢/ دیاریکردنی تەمەنی خانەنشینی بۆ ژنان و پیاوان بە ٥٥ ساڵ یان دوای ٢٥ ساڵ پێشینەی کار (١٨ ساڵ بۆ کارە سەختەکان). دانی مووچەی خانەنشینی کە یەکسان بێت بە بەرزترین کرێی وەرگیراو لەدەورەی کارکردندا. بردنەسەری بیمەی خانەنشینی شانبەشانی چوونەسەری ئاستی کرێ.

٣/ دابینکردنی سەلامەتی و هەلومەرجی تەندروستی شوێنی کار و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی کار تا نزمترین ئاستی مومکین بەبێ هیچ سك هەڵگوشینێك، بە سوودوەرگرتن لە پێشکەتووترین ئاسانکاری و ئیمکاناتێك کە لە ئاستی جیهانیدا بەکاردەهێنرێ. چاودێری و پشکنینی پزیشکیی ڕێکوپێك لە بەرامبەر ئەو مەترسی و نەخۆشیانەی کە لە پیشە و کارەوە سەرچاوەدەگرن، لەلایەن دامودەزگای پزیشکیی سەربەخۆ لە خاوەنکارەوە، لەسەر خەرجی خاوەنکارەکان و دەوڵەت.

٤/ بیمەکردنی تەسەلی کرێکاران لە بەرامبەر ئەو کارەسات و زیانانەی کە لە ئەنجامی کارەوە تووشیان دەبێت، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەشوێنی کار و یان دەرەوەی شوێنی کار ڕووبداوە و بەبێ ئەوەی کە کرێکار پێویستیی بە سەلماندنی کەمتەرخەمیی خاوەنکار یان بەڕێوەبەرایەتی هەبێت. دانی کرێی تەواوی خانەنشینی بەو کرێکارانەی کە لە ئەنجامی کارەساتی کارەوە توانای کارکردن لەدەست دەدەن.

کوشتنی ژنان لەژێر هەر بیانویەکدا بێ تاوانێکی درندانەیە!



دوێنێ ڕووداوی کوشتنی کێژان بورهان لە شاری سلێمانی بە دەستی باوکی و لەناو فەزایەکی تەمومژاویی دروستکراودا، دڵی هەمووانی تەزاند. ئەوەی کە ئەسڵی کێشەکە هەرچییەك بووبێ، کە پۆلیس وەك هەمیشە پاساوێکی پوچی ڕاگەیاندووە کە کێشەی خێزانیە، یان بوونی کێشەی شەخسی لەگەڵ کەسانی تر و هاندانی ئەواندا، هیچ لەوە ناگۆڕێ کە لەناو شاردا و بە ئاشکرا و بە بەرچاوی دەسەلاتەوە ژنێك بە خوێن ساردییەوە لەلایەن باوکییەوە کوژراوە. لەوەش خراپتر چەند کاتژمێرێکی کەم دوای ئەم تاوانە، ڕاگەیاندنی جیاجیا و گوایە لێدوانی کێژان خۆی کە "کەس بە تاوانبار نازانێ"، خەریکە مەسەلەکە لە کوشتنێکی ئاشکرای ژنانەوە ئەگۆڕێ بۆ داستانێکی چنراو.

بەبڕوای ئێمە بەجیا لەوەی کە کەسی تر لەم تاوانە و هاندانیدا تێوەگلابێ یان نا، کە سەلماندنی خودی ئەمە کاری دادگا و دادوەرەکانە، مەسەلەی تەقەکردنی باوکێك لە جگەرگۆشەی خۆی و کوشتنی بە بیانوی پیسی ناموس کرینەوە، تاوانێکی گەورە و قێزەونە. تاوانێك نییە لە چوارچێوەی خێزانی و عەشائیری و ناموسپەرستیدا پاساوی بۆ بدزۆرێتەوە. بگرە ئەمە تاوانێکی ئاشکرای ژنانە کە سااڵەهایە لەژێر سایەی دەسەلاتی کۆنەپەرستی میلیشیایی کوردایەتی و بنەماڵەییدا ڕووئەدات. وەك بەبەرچاوی هەمووانەوە کەسانێك دەستیان ئەچێتە گیانی ئازیزانیان و لە خوێنیان هەڵئەکێشن، هەر بەبەرچاوی هەمووانیشەوە دەسەلاتیان بیانو بۆ بکوژانی ژنان دائەتاشێ و سزایان لەسەر سووك ئەکات و بگرە ئازادیان ئەکات و داڵدەیان ئەدات. دادگایەکییش کە هەر خۆی دەزگایەکە بە دەست دەسەلاتی بنەماڵەیی عەشیرەتییەوە، بووەتە مەقاشێکی دەستی دەسەلاتێ بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردن و بگرە بە یاسایی کردنی لێبوردن لە تاوانکارانی بکوژی ژنان.

هەربۆیە ئێمە وێڕای ئەوەی کە کوشتنی کێژان مەحکوم ئەکەین و دڵمان لەگەڵ دڵی هەر کەسێك لە کەسوکار و هاوڕێیان و کۆمەڵگەدایە کە بەم تاوانە خەمبارن، ڕایئەگەیەنین کە هەرجۆرە سیناریۆسازی و چیرۆك چنینێك لەم پەیوەندەوە کە بکرێتە پاساوێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ناموسی، ڕەت ئەکەینەوە. کوشتنی کێژان نابێ بچێتە خانەی مەسەلەی هەر ئەوەی خۆیان ناویان ناوە "گۆڕە بێناونیشانەکان"ەوە. هەمووان خۆمان بە خاوەنی کێژان و کێژانەکان ئەزانین و دەسەلاتیش بەرپرس ئەکەین لە دادگایی کردن و سزادانی دادپەروەرانەی بکوژی کێژان و هەر کەسێکی تر کە یاسا بیسەلمێنێ لە پشتی ئەم تاوانەوەیە.

کۆمیتەی سلێمانی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٢١/١٠/٢٠٢٦

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
جەمال موحسین
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێنەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ئایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.net/ku/
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك: https://www.facebook.com/profile.php?id=100077197332210